گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆلی سیاسی حزبی دەعوەی ئیسلامی لە عێراق 2003-2006

توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

هێرۆ ولی جوکل

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین –هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

hero.jokil@su.edu.krd

زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:

وەرگرتن:٢٠٢٥/١٠/٩

پەسەندکردن:٢٠٢٦/٢/٨

بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

ووشە سەرەکییەکان

حیزب، حیزبی دەعوەی ئیسلامی، عێراق، حکومەت، حوکمڕانی دوای ٢٠٠٣، دەوڵەتی عێراق.

Doi:
10.25212/lfu.qzj.11.4.31

پوختە

دوای ساڵی 2003 دەوڵەتی عێراق گۆڕانکاریی بنچینەیی لە فەرمانڕەوایی بەخۆیەوە بینی، دیارترینیان گواستنەوەی دەسەڵات بوو لە ڕژێمێکی ناوەندی و تۆتالیتارییەوە بۆ سیستمێکی فرەیی کە لەسەر بنەمای کۆدەنگی دیموکراسی سیاسی و تائیفی دامەزرا. لەو چوارچێوەیەشدا حزبی دەعوەی ئیسلامی وەک یەکێک لە دیارترین حزبە سیاسییە شیعییەکان لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەشداری لە ئەنجوومەنی حکومڕانی وداڕشتنەوەی دەستووورداکرد، بۆ ماوەی سێ خوولی سەرۆکایەتی حکومەتی گرتە دەست ، لە ڕێگەی هاوپەیمانی یەکگرتووەوە دەسەڵاتی هەڵبژاردنی بەدەستهێناوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی ئاستەنگی ناوخۆیی و دەرەکی بووەوە دیارترینیان توندوتیژی تائیفی، کاریگەری ئێران و لاوازی ڕێوشوینی حکومەت بوو. ئەمەش بە تێکڕا کاریگەرییەکەی سنووردار کرد. لە نێوان ساڵانی 2003 بۆ 2006، ڕۆلی حزبی دەعوە لە نێو توێژەراندا هێشتا جێی مشتومڕە، چونکە لە لایەک وەک کارەکتەرێکی سەرەکی لە قۆناغی گواستنەوەی سیاسیدا سەیر دەکرێت، لە لایەکی دیکەشەوە وەک لایەنێک کە لە قووڵبوونەوەی دابەشبوونەکاندا بەشداریکردوە، لەوسۆنگەیەوە بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەکی زانستی سەبارەت بەو لایەنە ئەنجام بدەین. بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر. توێژینەوەکە شیکاری - وەسفکردن دەگرێتەبەر و ڕێبازەکانی تیۆری سیاسی بەکاردەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان ئیسلامی سیاسی شیعە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و بنیاتنانی دەوڵەت لەژێر داگیرکاری ئەمریکا و فشارە ناوچەییەکان. دەرەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەدای ئەو حزبە لە ژێر کاریگەریی چەندین هۆکاردا بووە، لەوانە پێکهاتە ئایدیۆلۆژییە داخراوەکەی، پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ڕاست و گوتاری سیاسی ئایدیۆلۆژی، هەروەها پەیوەندییە تێکەڵاوەکانی لەگەڵ زلهێزەکانی ناوچەکە.

پێشەکی

لە ساڵی 2003 وە عێراق گۆڕانکاری ڕیشەیی لە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیدا بەخۆیەوە بینیوە، ئەوەش دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق و ڕووخانی دەوڵەتی ناوەندی بەهۆی دەستوەردانی ئەمریکاو وپەیمانەکانی. ئەم گۆڕانکارییە لەناکاوە بووە هۆی بەدیارکەوتنی ڕۆڵی هێزی نوێ لە گۆڕەپانی سیاسی، یەکێك لە م هێزانە حزبی (دەعوە)ی ئیسلامیی شیعەکان بوون. لەو چوارچێوەیەشدا حزبی دەعوەی ئیسلامی وەک یەکێک لە کۆنترین و گرنگترین حزبە سیاسییە شیعەکان سەریهەڵدا و لە هەڵوێستی دژایەتی ئایدیۆلۆژییەوە گۆڕا بۆ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی نوێدا. ئەم گواستنەوەیە تەنیا ڕووداوێکی تەکنیکی یان ئیداری نەبوو؛ نوێنەرایەتی گۆڕانکارییەکی قووڵی لە پێکهاتەی گوتاری سیاسی حزب و ئەرکەکانی و هاوپەیمانییەکانی و سنووری پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو دەوڵەت و کۆمەڵگادا دەکرد.

حزبی دەعوەی ئیسلامی یەکێکە لە دیارترین ئەکتەرە سیاسییە شیعەکانی عێراق. ماوەی نێوان ساڵانی 2002 بۆ 2006 قۆناغێکی سەرەکی بوو لە مێژووی سیاسی خۆیدا، بەو پێیەی لە ئۆپۆزسیۆن و دەربەدەرییەوە گواسترایەوە بۆ بەشداری ڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن. ئەم گۆڕانکارییە هاوکات بوو لەگەڵ بنیاتنانەوەی سیستەمی سیاسی عێراق لەژێر داگیرکاری ئەمریکادا، و ئەو تەحەددای پێکهاتەیی و ئەمنی و سیاسییە ئاڵۆزانەی لەگەڵیدا بوون.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە ڕۆڵی سیاسی حزبی دەعوە لەم قۆناغەدا بەرهەمی کارلێکی ئاڵۆز بووە لە نێوان میراتی ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژیی خۆی لە لایەک و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داواکارییەکانی پرۆسەی سیاسی ئینتقالی لەسەر بنەمای تەوافوق و دابەشکردنی دەسەڵات، لە لایەکی دیکەوە. ئەو حزبە بەشداری لە دامودەزگاکانی حکوومەتی ئینتقالیدا کرد و بەشداریی لە پێکهێنانی هاوپەیمانی شیعەدا کرد و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە مشتومڕە دەستوورییەکان و داڕشتنی سیماکانی دەوڵەتی نوێدا هەبوو.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی شیکردنەوەی سروشت و سنووردارbوونی ئەم ڕۆڵەیە لە ماوەی 2002-2006 بە شوێن پێهەڵگرتنی گۆڕانی حزبەکە لە بزووتنەوەی داکۆکیکاری ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ حزبێکی سیاسی دەسەڵاتدار، هەروەها هەڵسەنگاندنی کاردانەوەکانی ئەم گۆڕانکارییە لەسەر ئەدای سیاسی و لەسەر ڕەوتی بنیاتنانی دەوڵەتی عێراق لە سەردەمی دوای ساڵی 2003دا.

لە نێوان ساڵانی 2003 بۆ 2006، حزبی دەعوە ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئینتقالی، بەشداری لە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق و دواتر حکومەتی ئینتقالیەکاندا کرد، کە گەیشتە لوتکە بە دەستبەکاربوونی ئیبراهیم جەعفەری بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران لە دوای هەڵبژاردنەکانی مانگی یەکی ساڵی 2005. ئەم بەشدارییە کۆمەڵێک ئاڵنگاری پێکهاتەیی لەگەڵدا بوو، دیارترینیان: خۆگونجاندن لەگەڵ داواکارییەکانی سیستەمێکی سیاسی فرەیی، دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی دەوڵەت لە چوارچێوەی گوتاری حزب، ململانێ لەگەڵ هاوکێشەی داگیرکاری و سەروەری، و کێبڕکێی ناوخۆیی لە چوارچێوەی کایەی سیاسی شیعەدا، بەتایبەتی لە چوارچێوەی هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقیدا.

گرنگی ئەم بابەتە لە نەبوونی توێژینەوەی ئەکادیمی تایبەتمەندەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بە شێوەیەکی سیستماتیک شیکاری و ڕۆشنایی لەسەر حزبی دەعوەی ئیسلامی وەک یەکێک لە دیارترین ئەکتەرە سیاسییە ئیسلامییەکان لە عێراقدا بەتایبەت لە قۆناغی دوای ٢٠٠٣دا. ئەمەش قۆناغێکی ئینتقالی زۆر ئاڵۆز بوو کە شایەتحاڵی داڕمانی سیستەمی سیاسی پێشوو و سەرهەڵدانی سیستەمێکی سیاسی نوێ بوو کە لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی دیموکراسی و سیاسەتی فرە حزبی بوو. حزبی دەعوەی ئیسلامی لەم قۆناغەدا ڕۆڵێکی سەرەکی بینی، چ لە ڕووی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و چ لە ڕووی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە.

کێشەی توێژینەوەکە لە ژمارەیەکی سنوورداری توێژینەوە ئەکادیمیەکاندایە کە ئەزموونی حزبی دەعوەی ئیسلامی وەك کەیسێکی سیاسی و فیکریی هەمەلایەنەیان خستووتە ڕوو، بەتایبەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە گواستنەوەی لە دژایەتییەوە بۆدەسەڵات و شیکردنەوەی سروشتی ئەم گواستنەوەیە وتەحەددای سیاسی و ڕێکخراوەیی و فیکریی هاوڕێیەتی زۆرینەی ئەدەبیاتی پێشووتر لەسەر دیراسەکردنی دیاریدەی ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا بەگشتی چڕبووەتەوە، بەبێ ئەوەی قوڵبیبێتەوە لە ئەزموونی تایبەتی حزبی دەعوەی ئیسلامی و تایبەتمەندییە مێژوویی و تەشکیلاتە جیاوازەکانی .

هەروەها کێشەی توێژینەوەکە لەنەبوونی شیکارییەکی زانستی قووڵدایە سەبارەت بە کاریگەریی بیری سیاسی ئیسلامی گەڕانەوەی سەرکردەکانی ئەو حزبە لەدەربەدەری لە دوای ساڵی 2003 لەسەر ئیدارەی دەوڵەتی عێراق، لە چوارچێوەیەکی ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە بە هەمە جۆریی تائیفی ونەتەوەیی و سەریەککەوتنی شوناسە سیاسییەکان تایبەتمەندە.

بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە ناوەندییەی خوارەوە بداتەوە: حزبی دەعوەی ئیسلامی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ چۆن لە ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ دەسەڵات گواسترایەوە و ئەم گۆڕانکارییە چ کاریگەرییەکی لەسەر پراکتیزە سیاسییەکانی و لەسەر ئیدارەی دەوڵەتی عێراق هەبوو، لە چوارچێوەی ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە بە فرەچەشنی تائیفی و نەتەوەیی تایبەتمەند بوو؟

ئامانجی توێژینەوەیە کە شیکردنەوەی سروشتی ئەو ڕۆڵەیە کە حزبی دەعوەی ئیسلامی لە حکومەتدا گێراویەتی، لە هەڵسەنگاندنی ئەدای کارکردنی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دامەزراوەکانیدا، لێکۆڵینەوە لە ڕادەی پابەندبوونی بە بنیاتنانی دەوڵەتێکی مەدەنی هەمەلایەنە، یان هەنگاونان بەرەو حوکمڕانی تائیفی و لایەنگری (موکلیفی).

سەبارەت بەسەرچاوەکان کەلە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە سوودی لێوەرگیراوە کتێبەکان بە زمانەکانی عەرەبیی و ئینگلیزی وکوردی پانتاییەکی فراوانیان داگیرکردوە، لەگەڵ بەڵگە نامە حکومی وتوێژینەوە ی زانستی و ڕاپۆرتەکان.لە گرینگترین ئەو کتێبانە، (- صلاح الخرسان، حزب الدعوة الاسلامية المرحلة السياسية 1979م -2019 م ، الطبعة الاولى، 2019) ئەم کتێبە باس لە حزبی دەعوەی ئیسلامی: قۆناغی سیاسی 1979–2019* (2019)ی سەلاح ئەلخەرسان، دەکات لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیرە لە مێژووی حزبی دەعوە و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی لە ماوەی چوار دەیەدا. باسێکی وردی پەرەسەندنی حزب لە بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆن لە ژێر

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕژێمە سەرکوتکەرەکانەوە بۆ ئەکتەرێکی سیاسی کاریگەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دەخاتە ڕوو، کە تیایدا تیشک دەخاتە سەر داینامیکی سەرکردایەتی ناوخۆیی، ستراتیژییەکانی ڕێکخراوەیی و هاوپەیمانییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان. هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەو تەحەددایانەی کە لایەنەکە ڕووبەڕووی بووەتەوە لە تێکەڵبوون بە دامەزراوە فەرمییەکان، (Haddad, Fanar. Sectarianism in Iraq: Antagonistic Visions of Unity. Oxford University)

ئەم کتێبە گرنگی خۆی هەیە ، حزبی دەعوەی ئیسلامی و تایفەگەری وەك " شەرعیەتی دەوڵەت " ئەزموونی حزبی دەعوە دەتوانرێت لە ڕێگەی شیکارییەکانی ڤەنارحەدادەوە وەك مۆدێلێك لێکبدرێتەوە کەناوی دەنێت " تایفەگەری لەبەردەم گوتاری دەوڵەتدا" قورخکردنی نوێنەرایەتی زۆرینە ، گوتاری حزبی دەعوە لەسەر دابڕانی تائیفی نەبووە بەڵکو لەسەر وێناکردنی حزب وەك نوێنەری سروشتی " زۆرینەی ستەملێکراوی مێژوویی " بووە، ئەمەش ڕێگەی پێدا لە ڕێگەی هەژموونی شیعە بەسەر دەوڵەتدا بەناوی دادپەروەری مێژووییەوە چەمکی یەکێتی نەتەوەیی لە قاڵب بداتەوە).

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیەك وچوارتەوەری سەرەکی ودەرئەنجام پێکهاتووە : تەوەری یەکەم تیشك دەخاتە سەر مێژوویی دروستبوونی حزبی دەعوەی ئیسلامی ، تەوەری دووەم باس لە بەشداری حزبی دەعوەی ئیسلامی لەئەنجومەنی حوکمڕانی لە ساڵی 2003-2006دە کات، تەوەری سێیەم تەرخانکروە بۆ پەیوەندی حزبی دەعوەی ئیسلامی لەگەڵ حزبەکانی دیکەی شیعەکانی عێراق 2003-2007، تەوەری چوارەم تایبەت کراوە بۆخستنەڕووی ڕۆلی هاوپەیمانی سیاسی حزبی دەعوەی ئیسلامی لە گەڵ (ئێران و ئەمەریکا وکورد).

تەوەری یەکەم: مێژوویی دروستبوونی حزبی دەعوەی ئیسلامی:-

حزبی دەعوەی ئیسلامی یەکێکە لە کۆنترین و کاریگەرترین ڕێکخراوە سیاسییە ئیسلامییەکانی عێراق و ڕێڕەوی دەوڵەتی مۆدێرنی عێراقی لە قاڵب داوە. سەرهەڵدانی پەیوەست بوو بە زەمینەیەکی مێژوویی و فیکرییەوە کە بە گۆڕانکاریی قووڵ لە کۆمەڵگەی عێراقدا لە ماوەی ساڵانی پەنجاکاندا دیار بوو، بەتایبەتی سەرهەڵدانی بزووتنەوە ناسیۆنالیستی و چەپەکان و دابەزینی ڕۆلی سیاسی دامەزراوەی ئایینی و پەرەسەندنی هەستی پەراوێزخستنی سیاسی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی لەنێو توێژێکی بەرفراوانی دانیشتوانی شیعەی عێراقدا. لەم چوارچێوەیەدا حزبی دەعوەی ئیسلامی وەک پرۆژەیەکی فیکری و ڕێکخراوەیی دامەزراوە کە هەوڵی پێناسەکردنی پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەت دەدات لە ڕێگەی گواستنەوەی ئیسلام لە بواری بانگەوازی تاکەکەسی ئایینی بۆ کایەی کرداری بەکۆمەڵی ڕێکخراو و چالاکوان (حەداد، 2011؛ شاناهان، 2004).

سەرچاوەی حزبی دەعوەی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ شاری پیرۆزی نەجەف لە کۆتاییەکانی ساڵی 1957 و سەرەتای ساڵی 1958 کە ناوکەکەی لە نێو خوێندکارانی قەتابخانە ئایینیەکان و ڕۆشنبیرانی سەر بە ئیسلامی پێکهاتووە. زۆربەی توێژەران هاوڕان لەسەر ئەوەی کە حزب لە کاتی دامەزراندنیدا بە فەرمی ڕانەگەیەندراوە، بەڵکو وەک ڕێکخراوێکی نهێنی سەریهەڵداوە کە پشت بە شانە بچووکەکان و کاری پەروەردەیی وردە وردە دەبەستێت، کە لە ژێر کاریگەری ئەزموونی بزووتنەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان و واقیعە سیاسییە هەستیارەکانی عێراق لەو کاتەدا بووە (الکادمی، ٢٠١٨).

محمد باقرسەدر بە دیارترین دەسەڵاتی فیکریی ئەو حزبە دادەنرێت و یەکێک لە گرنگترین تیۆریستەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە لە سەدەی بیستەمدا. بەشدارییەکی یەکلاکەرەوەی لە داڕشتنی بناغە ئایدیۆلۆژی و فیکرییەکانی ڕێکخراوەکەدا کردووە، بەتایبەتی لە ڕێگەی دەقە بنەڕەتییەکانییەوە، وەک "بناغەکان" و نووسینەکانی لەسەر "کاری میسیۆنەری" و "گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی". محمد باقرسەدر لە بەڵگەنامەی دامەزراندنی خۆیدا دووپاتی دەکاتەوە کە ئامانجی بنەڕەتی بزووتنەوەی ئیسلامی بریتییە لە "دروستکردنی تاکی پابەند کە توانای هەڵگرتنی ئیسلام وەک شێوازێکی ژیان و سیستەمێکی حوکمڕانی هەبێت، نەک تەنها وەک عەقیدەی پەرستراو" (السەدر، ن.د.، بڕگەی ٣). ئەم دیدە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی دینامیکییە لە ئیسلام کە عەقیدەی و ڕێکخستن و کردەی سیاسی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا بڕبڕەی پشتی ئایدۆلۆژیای حزبی دەعوەی پێکهێناوە.

شانبەشانی سەدر، ژمارەیەک لە زانا و چالاکانی ئیسلامی بەشدارییان لە دامەزراندنی قوتابخانەکەدا کرد، دیارترینیان محمد مەهدی حەکیم، مورتضی عەسکەری و عبدالصاحب دخیل و هەروەها کەسایەتییە ئایینی و ڕۆشنبیرانی دیکەی پەیوەندیدار بە قوتابخانەکانەوە. ئەوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراندنی حزبەکەیان وەک پێویستیەکی مێژوویی دەبینی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوەی کە بە "داگیرکاری فیکری" کۆمۆنیزم و عەلمانیەت وەسفیان دەکرد، هەروەها بۆ پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی کۆمەڵگەی شیعە (عەزیز، ٢٠١٧). ئەم دامەزراندنە بە سروشتی بەکۆمەڵ و نەبوونی گرنگیدان بە سەرکردایەتی تاکەکەسی تایبەتمەند بوو، کە هاوتەریب بوو لەگەڵ خۆبینینی حزب وەک "بزووتنەوەی نەتەوە" نەک "ڕێکخراوێکی داخراو و نوخبەگەرایی".
هەڵبژاردنی ناوی "دەعوە" (بانگەواز) پەیوەستە بە گرنگییەکی فکری قووڵەوە. دامەزرێنەرانی ئەو حزبە نەیاندەویست بە مانا تەقلیدییەکەی حزبێکی سیاسی ناوی ببەن، بەڵکو بە بزووتنەوەیەکی "دەعوە" ناوی ببەن کە پێش ئەوەی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن، هەوڵی چاکسازی لە تاک و کۆمەڵگەدا دەدا. محمد باقرسەدر لە یەکێک لە دەقە ڕێنماییەکانیدا باس لەوە دەکات کە "بانگەواز بۆ ئیسلام ئەو بناغەیە کە پێش دەوڵەت دێت، دەوڵەتیش بەرهەمی هۆشیاری کۆمەڵایەتییە، نەک بڕیارێکی شۆڕشگێڕانە" (السەدر، ١٩٧٩: ٤٥). ئەم تێگەیشتنە ڕەنگدانەوەی قەناعەتێکی سەرەتاییە کە گۆڕانکاری سیاسی ڕاستەقینە تەنیا لە ڕێگەی بنیاتنانی بنکەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بەدەست دێت کە باوەڕ بە پڕۆژەی ئیسلامی هەبێت، کە ئەمەش سەرنجی حزب لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا لەسەر کاری پەروەردەیی و ڕێکخستنی نهێنی ڕوون دەکاتەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین حزبی دەعوەی ئیسلامی تەنیا بەرهەمی هەلومەرجێکی سیاسی دیاریکراو نەبوو، بەڵکو بەرهەمی پڕۆژەیەکی فیکری درێژخایەن بوو کە هەوڵی دەدا ئیسلام وەک ئایدۆلۆژیایەکی هەمەلایەنە پێناسە بکاتەوە کە توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگای هەبێت، بەڵام ئەم پڕۆژەیە دواتر گۆڕانکاریی بنەڕەتیی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی دوای پێکدادانی توندوتیژی لەگەڵ ڕژێمی بەعس و دواتر گواستنەوەی لە ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ دەسەڵات لە دوای ساڵی 2003. ئەمەش دەرگای لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە دەکاتەوە لەسەر کەلێنی نێوان تیۆری بناغەیی و پراکتیکی سیاسی دواتر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەوەرەی دووەم: بەشداری حزبی دەعوەی ئیسلامی لە ئەنجوومەنی حوکم ویەکەمین کابینەی دوای روخانی رژێمی عێراق لە ساڵی 2006-2003.

پێش پێکهێنانی ئەنجوومەنی حوکمڕانی چالاکی چڕ و پڕی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەچوو. یەکێک لە دیارترین ڕووداوەکانی کۆنفرانسی ئۆپۆزسیۆنی لەندەن بوو (١٤-١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢)، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی کۆکردەوە، کە پێکهاتبوولە نوێنەرانی ئیسلامی شیعی نوێنەرانی حزبی دەعوە لەگەڵ حزبە کوردییەکان و علمانییەکان بەشدارییان کرد، حزبی دەعوەی ئیسلامی دەستپێشخەری کرد بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی نوێ بەناوی (هاوپەیمانی هێزە نیشتیمانییەکانی عێراق) هاوپەیمانیەتیەکە بریتی بوون لە (حزبی دەعوەی ئیسلامی ، حزبی شیوعی عێراق ، گرووپی زانایانی موجاهیدین ، یەکگرتووی ئیسلامی تورکمانەکانی عێراق) لە گرینگترین ئامانجەکانیدا ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بوو بە دەستی عێراقیەکان خۆیان بەبێ دەست وەردانی دەرەکی، لە نێوان دووبەرەکی لەناو هەندێک کوتلەدا لەسەر هەوڵی کاری هاوبەش. کۆنفرانسەکە ڕەنگدانەوەی گواستنەوەی ئۆپۆزسیۆن بوو بۆ بنیاتنانی بەرەیەکی سیاسی یەکگرتوو وەک ئامادەکارییەک بۆ قۆناغی دوای ڕژێم (عبود، ٢٠١٩: ٢١٩).

تا ساڵی 2003 گوتاری حزبی دەعوەی ئیسلامی بە سروشتێکی شۆڕشگێڕانە تایبەتمەند بوو کە لەسەر بنەمای بنەما ئیسلامییە شیعە هەمەلایەنەکان دامەزرابوو، هەوڵی هێنانەدی گۆڕانکاریی ڕیشەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەدا. بەڵام دیمەنی عێراق دوای لەشکرکێشی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی شایەتی گۆڕانکاری ئاڵۆز بوو کە تایبەتمەند بوو بە بوونی دەسەڵاتێکی داگیرکەری ڕاستەوخۆ، قووڵبوونەوەی کردەوەکانی پشکی تائیفی، پارچەپارچەبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پەسەندکردنی حکومەتێکی ڕاگوزەر ملکەچی هەژموونی ئەمریکا. ئەم گۆڕانکاریانە بوونە هۆی ئەوەی حزب گوتاری شۆڕشگێڕانەی پێشووی خۆی لەگەڵ پێداویستیەکانی کاری پەرلەمانی و دامەزراوەیی بگونجێنێت، کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی فیکری و سیاسیی خۆیدا پێکدەهێنا، لە چوارچێوەی بەرخۆدانی ئایدیۆلۆژییەوە گۆڕا بۆ چوارچێوەی بەشداری سیاسی فەرمی (سەعید، ٢٠١٠: ٦٣).

لە نێو ئەو دەستەواژانەی کە حیزب لە گوتاری سیاسی خۆیدا بۆ قۆناغی نوێ تیشکی خستە سەر، دەستەواژەی "المصالحة الوطنية" "ئاشتەوایی نەتەوەیی" بوو، کە توخمەکانی ڕەسەنایەتی و بناغەکانی شوناس و پێکەوە ژیانی قووڵی مێژوویی و برایەتی هاوبەشی وەبیرهێنایەوە ، هەروەها جەختی لەسەر واقیعی فرەچەشنی و داهێنەری عێراقی کردەوە، جگە لەوەش حیزب لە بانگەوازی ئاشتەواییدا پشت بە پرەنسیپەکانی شەریعەت و هاوبەشییە نەتەوەییەکان دەبەستێت (الشامي، ٢٠١٣: ٣١٩).

لە ڕۆژی 26ی نیسانی 2003 ئیبراهیم جەعفەری بە یاوەری (دە)کادیری حزبی دەعوەی ئیسلامی لە پارێزگای هەولێر چوونە ناو خاکی عێراق. هەروەها سەرکردەکانی دیکەی حزبی دەعوە لە سنوورەکانی ئێران و سووریاوە گەیشتنە عێراق، لەوانە :- (سەید حەسەن شبر، نوری مالیکی، شێخ مەهدی عەتار، شێخ عەبدولحەلیم زوهێری، عەلی جەبر حەسون و چەندانی دیکە). دەستیان کرد بە کردنەوەی بارەگای دەعوەی ئیسلامی لە پارێزگا جۆراوجۆرەکان (الجعفری، ٢٠٠٨: ٦٩).

لە نێو ئەو دەستپێشخەری و چالاکیانەی حزبی دەعوە کە ئیبراهیم جەعفەری دوای هاتنی بۆ بەغدا ئەنجامیدا، بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەکی (100) لاپەڕەیی (ناساندنی حزبی دەعوەی ئیسلامی، حزبی شەهیدان) بوو. هەروەها زیاتر لە (50) دروشم و وتەی نیشتمانپەروەرانەی نووسیوە کە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە لافیتە و پۆستەر و گۆڕەپان و شوێنە گشتییەکان لە سەرتاسەری بەغدای پایتەختدا بڵاوکراونەتەوە (الخرسان، ٢٠١٩: ٢٣٠).

ئیبراهیم جەعفەری دوو بارەگای بۆ حزبی دەعوەی ئیسلامی کردەوە کە مەڵبەندی گشتی بوو، بەو پێیەی ناسرا بە جیاکردنەوەی لە کۆنفرانسی (ئیمام حسێن)، حزبی دەعوە دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ئەوەی ببێتە حزبی دەعوەی ئیسلامی، (ڕێکخراوی عێراق) . یەکێکیان لە کەربەلا و ئەوی تریان لە بەغدا بوو. پەیوەندییەکان بەو بانگخوازە کۆنانەی کە مابوونەوە و عێراقیان بەجێنەهێشتبوو دەستی پێکرد. بۆ جێگیرکردنی پێشهاتە خێراکانی ناوخۆی عێراق، فەرماندەیی گشتی حزبەکە کۆمەڵێک ڕێنمایی نوێی بۆ ڕێکخراوەکانی دەعوە دەرکرد، کە بۆ یەکەمجار لە دوای دامەزراندنی حزبەکەوە لە ساڵی ١٩٥٧ بە ئاشکرا دەستیان بە چالاکیی کرد (الخرسان، ٢٠١٩: ٢٣١).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بەو قۆناغە، ئیبراهیم جەعفەری دەڵێت:- "توانیمان بناغەی تۆکمە بۆحزبی(دەعوە) دابمەزرێنین و چالاکی و کاریگەریی خۆمان بەدەستبهێنینەوە، ئەمەش سەرنجی ئەو هێزە سیاسییانەی کە بە هەموو توانایانەوە گەڕابوونەوە بۆ عێراق، هەروەها دەسەڵاتدارانی داگیرکەری ئەمریکی، دوای ئەوەی هەستیان بە بوونی بەهێزی ئێمە کرد لەسەر گۆڕەپانی عێراق، دەستیان کرد بە پەیوەندیکردن بە ئێمەوە، بە تایبەت کە پێشتر دەستیان کردبوو بە ڕێکخستنی سیاسی بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق (الجعفری،٢٠٠٨: ٦٩-٧٠).

یەکەم پەیوەندی نێوان حزبی دەعوە ی ئیسلامی و باڵاترین بەرپرسی ئەمریکی لە عێراق کاتێک بوو کە ئیبراهیم جەعفەری لە ١٧ی ئایاری ٢٠٠٣ لە کۆشکی کۆمارییەکان لەگەڵ پۆڵ بریمەر، کارگێڕی گشتی مەدەنی و جۆگارنەر، کارگێڕی پێشوو کۆبووەوە.

دەکرێ بڵێین یەکەمین داهێنان لە پرۆسەی سیاسی دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو پێکهێنانی گروپی حەوت کەسی بوو کە ئەم ژمارانەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو (بە ڕیزبەندی ئەلفوبێ):

1- ئیبراهیم جەعفەری، عەرەبی شیعە بە نوێنەرایەتی حزبی دەعوەی عێراق.

2- ئەحمەد چەلەبی، عەرەبی شیعە نوێنەرایەتی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق دەکات(1944-2015).

3- ئەیادعەللاوی، عەرەبی شیعە بە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی ڕێککەوتنی نیشتمانی عێراق.

4- جەلال تاڵەبانی، کوردێکی سوننە بە نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (1933-2017).

5- عبدالعزیز حکیم ، عەرەبی شیعە بە نوێنەرایەتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق(1950-2009).

6- مەسعوود بارزانی، کوردی سوننە بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

7- نەسیر چادرجی، عەرەبی سوننە بە نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی نیشتمانی(عربي سني يمثل الحزب الوطني الديمقراطي) جگە لەمانە (عدنان پاچەچی عەربی سونەی سەربە خۆ، محمود عثمان کوردی سوننە)بەشدارییان لە کۆبوونەوە بەراییەکان کردوە.

(Burns,2003:5).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قۆناغی دوای ساڵی ٢٠٠٣ خاڵی وەرچەرخانێکی سەرەکی بوو لە ڕێڕەوی سیاسی حزبی دەعوەی ئیسلامیدا. ئەو حزبە لە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی لەمێژینەوە بۆ کردەوەی سیاسی ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی داگیرکارییەکی دەرەکیدا گواسترایەوە کە پێکهاتەی دەوڵەتی عێراق و دامودەزگاکانی داڕشتەوە. ئەم گۆڕانکارییە تەنیا بەرهەمی گەشەسەندنی وردە وردەی ناوخۆیی نەبوو، بەڵکو لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی ئاڵۆز لەگەڵ دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانی (CPA)دا ڕوویدا، کە ڕۆڵێکی ناوەندی لە بەڕێوەبردنی قۆناغی ئینتقالی و داڕشتنی ڕێساکانی پرۆسەی سیاسی نوێدا هەبوو (Bremer, 2006).

لە لایەک داڕووخانی ڕژێمی پێشوو و دامەزراندنی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانی (CPA) دەرفەتێکی مێژوویی بۆ حزبی دەعوە، وەک یەکێک لە کۆنترین ڕێکخراوە ئیسلامییە سیاسییە شیعەکان، بۆ گواستنەوە لە چالاکیی نهێنی و دەربەدەرییەوە بۆ بەشداریکردنی کراوە لە دامودەزگاکانی حوکمڕانی تازەپێگەیشتوو، بەتایبەتی ئەنجومەنی حوکمڕانی ڕەخساند. بەڵام ئەم گواستنەوەیە دەربڕینی هەڵبژاردنێکی تەواو سەروەرانە نەبوو، بەڵکو لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی زۆرەملێدا ڕوویدا کە لەلایەن CPA سەپێنرابوو، کە بڕیاردانی سیاسی و ئەمنی قۆرخ دەکرد و ڕاستەوخۆ سروشتی ڕێکخستنە ئیداری و دەستورییە کاتیەکانی دیاری دەکرد (Dodge, 2012).

لەم چوارچێوەیەدا، حزبی دەعوە خۆی لە بەرامبەر هاوکێشەیەکی سیاسی زۆر ئاڵۆزدا بینیەوە: سوودمەندبوون لەو پەراوێزەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانی بۆ بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بەخشیبوو، لە بەرامبەر قبوڵکردنی ئەو سنووردارکردنە پێکهاتەییانەی کە سەربەخۆیی سیاسییەکەی سنووردار دەکرد. ئەم سنووردارکردنانە لە سروشتی سیستەمی ئینتقالیدا دەرکەوت کە لەلایەن CPA داڕێژرابوو، کە لۆژیکێکی دابەشکردنی دەسەڵاتی تائیفی و نەتەوەیی وەک میکانیزمێک بۆ بەڕێوەبردنی فرەیی دامەزراند. ئەمەش حیزبی ناچار کرد گوتار و بەرنامە سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ ڕێسا نوێیەکانی یارییەکەدا بگونجێنێت، نەک هەوڵبدات بۆ سەپاندنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی بەدیل بۆ بنیاتنانەوەی دەوڵەت (International Crisis Group, 2004: 21).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جگە لەوەش، بەشداری سەرکردەکانی حزبی دەعوە لە دامەزراوە ئینتقالیەکاندا ئەوەندە دەربڕینێک نەبوو بۆ هاوئاهەنگی ستراتیژی لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەر، بەڵکو وەڵامێکی پراگماتیک بوو بۆ واقیعی ناهاوسەنگی دەسەڵات و هەوڵدانێک بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە وەدەرنانی سیاسی لە قۆناغێکدا کە بە شلەژانی دامەزراوەیی و نەبوونی گەرەنتی دەستووری تایبەتمەند بوو (المراشی، ٢٠٠٧). بەم مانایە دەتوانرێت هەڵسوکەوتی حزب وەک مومارەسەی سەربەخۆیی سیاسیی ڕێژەیی و مەرجدار وەسف بکرێت، کە لە لایەک بەهۆی ئەو سنووردارکردنانەی کە داگیرکەری سەپێنراوە و لە لایەکی دیکەوە بەهۆی حیساباتی کێبڕکێی ناو دامەزراوەی سیاسی شیعە و سروشتی هاوپەیمانییە تایفەگەرییەکان سنووردار کراوە (دۆج، ٢٠١٢: 11).

دوای 2003 ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق لە 13ی تەمووزی ئەو ساڵەدا بە بڕیارێکی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانی ڕاگەیەنرا، کە ئەوکات دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەو وڵاتەدا بەکاردەهێنا. ئەنجوومەنەکە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرا بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی عێراقی بە دانپێدانانی نێودەوڵەتی، بەبێ ئەوەی لە هەمان کاتدا سەروەری ڕاستەقینە بە عێراق بدرێت. حزبی دەعوەی ئیسلامی بەشدارێکی دیاری ئەم ئەنجومەنە بوو کە ئیبراهیم جەعفەری نوێنەرایەتی دەکرد لە چوارچێوەی فۆرمولەی تەوافوقی ناسراو بە "موحەساسە" کە پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی عێراقی لەخۆگرتبوو: شیعە و سوننە و کورد، لەگەڵ کەسایەتییە سەربەخۆکان.

ئەنجومەنەکە لەسەر بنەمای فەرمانی کارگێڕی ژمارە (٦) دامەزرا کە لە لایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانییەوە دەرچووە، کە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکەی بۆ دانانی وەزیرانی کاتی و نوێنەرایەتیکردنی عێراق لە ئاستی نێودەوڵەتی و بەشداریکردن لە ئامادەکردنی چوارچێوەی دەستووری بۆ قۆناغی ڕاگوزەر (ئینتقالی) دیاری کردووە. بەڵام سەروەری ڕاستەقینە لە دەسەڵاتی داگیرکاری ئەمریکا- بەریتانیدا مایەوە (ئەلزهەیری، ٢٠٠٧: ٢٠). هاتنی حزبی دەعوەی ئیسلامی بۆ ناو دامودەزگا حکومییەکان لە دوای ساڵی 2003، وەرچەرخانێکی یەکلاکەرەوە بوو لە گەشتە سیاسییەکەیدا، چونکە لە چالاکی نهێنی ئۆپۆزسیۆن و دەربەدەرییەوە گواسترایەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە بڕیاردان لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی ڕاگوزەردا بە سەرۆکایەتی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانی و پاشان حکومەتی کاتی.

ئەنجومەنی حوکمڕانی لە ١٣ی تەمموزی ٢٠٠٣ تا ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ بەردەوام بوو و نوێنەرایەتی قۆناغی یەکەمی بەشداری حزبەکەی لە حکومەتدا دەکرد. دوابەدوای ئەوە قۆناغەکانی دواتر هاتە ئاراوە، لەوانە یاسای ئیداری ئینتقالی (٨ی ئازاری ٢٠٠٤) و هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٥ کە لە ئەنجامدا ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی حزبی دەعوەی ئیسلامی پۆستی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی ئینتقالی بەدەستهێنا. لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٦ نووری مالیکی دوای دەستوور یەکەم حکومەتی هەمیشەیی پێکهێنا (حەمەسەعید، ٢٠٢٠: ١٥).

هەڵبژاردنی 15ی 1ی 2005، ساتێکی گرنگ بوو لە مێژووی سیاسی عێراقدا. ئەوان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێک بە شەرعیەتی دەستووری تەواوەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ بەڕێوەچوو، لە ئەنجامدا نەخشەی سیاسی بە پێی هاوسەنگی نوێی تائیفی و نەتەوەیی دووبارە کێشرایەوە. هاوپەیمانییە سیاسییە گەورەکان بەم شێوەیە سەریان هەڵدا:

- هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراق (هاوپەیمانی شیعە) کە زۆربەی لایەنە شیعەکانی لەخۆگرتبوو، بە سەرۆکایەتی حزبی دەعوە کە زۆرترین کورسی بەدەستهێنا.
- هاوپەیمانی کوردستانی کە نوێنەرایەتی هێزە کوردییەکانی باکووری عێراق دەکرد و هەوڵی فراوانکردنی نفوزی خۆی دەدا تا کەرکوکیش بگرێتەوە.
- بەرەی ڕێککەوتنی عێراقی کە نوێنەرایەتی عەرەبی سوننە دەکات لە پارێزگاکانی ئەنبار و سەڵاحەدین و موسڵ.
- لیستی عێراقی بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی، ئاراستەیەکی تێکەڵاوی سوننە و شیعەی هەبوو.

ئەنجامەکان بووە هۆی ئەوەی هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقی (١٢٨) کورسی، هاوپەیمانی کوردستانی (٥٣) کورسی، بەرەی ڕێککەوتن (٤٤) کورسی و لیستی عێراقی (٢٥) کورسی بەدەستهێناوە (عبد الستار، هـ.ح. وآخرون ، ٢٠١٥: ٣٤٦). ئەم دابەشکردنە بەشداری کرد لە چەسپاندنی پرەنسیپی "شەرعیەتی دەستووری" کە حزبی دەعوەی ئیسلامی بۆ ڕەوایەتیدان بە بەشداریکردنی لە حکومەتدا پەسەندی کرد. حزبەکە لە ڕێگەی پێگەی خۆی لە هاوپەیمانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکگرتووی عێراقی ڕۆڵێکی کاریگەری لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی لە ساڵی ٢٠٠٥دا بینی (بەلقیس و کازم، ٢٠١٧: ١١٥).

هەروەها سەرکردەکانی ئەو حزبە پۆستی باڵایان لە دەوڵەتی عێراق وەرگرت و لوتکەی گۆڕانی ئەو حزبە لە بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی نهێنییەوە بۆ ئەکتەرێکی سیاسی فەرمی بوو. ئیبراهیم جەعفەری (٢٠٠٥-٢٠٠٦) یەکەم سەرۆک وەزیرانی هەڵبژێردراو بوو دوای دەرکردنی دەستوور. دوای ئەو نووری مالیکی (2006-2014) دەسەڵاتی وەرگرت، کە بۆ ماوەی دوو خولی یەک لە دوای یەک سەرکردایەتی حکومەتی کرد و حزبەکەی کردە ناوەندی بڕیاردانی جێبەجێکردن لە دەوڵەتدا (سالح، ٢٠٢١: ٢٥٤).

بەم شێوەیە بڕگەی یەکەم تەواوکەری دووەمە بە واتای ڕێکخستنی ڕووداواەکان بە ڕێزبەندی کرۆنۆلۆژی، گواستنەوەی حزبی دەعوە لە ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ بەشداریکردنی کارا لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، لە ڕێگەی دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکمڕانی و هەڵبژاردنی پەرلەمان و داڕشتنی دەستووری نوێ.

پاشان، لە 30ی تەمموزی 2003، بڕیار دەرچوو کە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق پێکبێت، و ئیبراهیم جەعفەری لە لایەن حزب دعوەی ئیسلامی وەک یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی حوکمڕانی هەڵبژێردرابوو. ئەم ئەنجومەنە دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو:

1. دەستپێکردنی ڕەشنووسی بەرنامەی دەستوور.
2. پێکهێنانی حکوومەتی عێراق.

لە سەروبەندی پێکهێنانی حکومەت، پارێزەران (حەسەن شەبر و عەلی ئەدیب و د.وەلید الحلی)، حەسەن شەبار سەرکردەیەکی دێرین لە حزبی دەعوەی ئیسلامی دوای ڕووخانی ڕژیم، بە لەبەرچاوگرتنی شارەزایی یاسایی و پەیوەندییە تەشکیلاتییەکەی، وەک یەکێک لە ئەندامانی شایستەی حزب بۆ وەرگرتنی وەزارەتی داد دەرکەوت، عەلی ئەدیب ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب بووە،بە لێهاتوویی دانوستان و پەیوەندییە سیاسییەکانی ناسرابوو، ئەمەش وایکردبوو ببێتە کاندیدێکی لۆژیکی بۆ وەزارەتی دەرەوە، ڕۆلی گرنگی هەبووە لە نوێنەرایەتیکردنی حزب لە گفتوگۆ سیاسییەکان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣. ولید الحلی سەرکردەیەکی دیاری حزبی دەعوە و ئەکادیمیست و سیاسەتمەدار و کەسایەتییەکی یاسایی و سیاسی بووە کە لە قۆناغی ئینتقالیدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشداری لە دارشتنی هەڵوێستەکانی حزبدا بووە، دواتر پۆستی یاسادانانی هەبووە (ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران) و یەکێک بووە لە کەسایەتییە پێشەنگەکانی حزب لە دیبەیتە دەستوورییەکاندا. بۆ ئاگاداربوون لە ئایندەی وەزارەت سەردانی جەعفەرییان کرد. ئیبراهیم جەعفەری وێنەیەکی دۆخەکەی پێشکەش کردن و ڕوونی کردەوە کە ئەگەر بتوانین وەزارەتی دەرەوە مسۆگەر بکەین، ئەوا کاندیدەکەمان ئەبو بیلال (عەلی ئەدیب) دەبێت. ئەگەر وەزارەتی دادمان بۆ دیاری بکرایە کاندیدەکەمان (حەسەن شبر) دەبوو. ئەگەر بتوانین وەزارەتی ناوخۆ مسۆگەر بکەین، کاندیدەکەمان ئەبو ئیسرا (نوری مالیکی) دەبوو (الخرسان،٢٠١٩: ٢٣١).

یاسای ئیداری بۆ دەوڵەت بۆ قۆناغی ڕاگوزەر- ئینتقالی که لە ٨ی ئازاری ٢٠٠٤ دەرچووە، بەڵگەنامەی دەستووری پێکهێنا کە قۆناغی ڕاگوزەر (حوکمڕانی، مافەکان، فیدراڵیزم و میکانیزمەکانی هەڵبژاردن) بەڕێوەدەبات. نوێنەری ئەو هێزانەی کە نوێنەرایەتیان لە ئەنجومەنی حوکمڕانیدا هەبووە، بەشدارییان کرد لە دانوستاندن لەسەر ناوەڕۆکەکەی. حزبی دەعوە ی ئیسلامی بەشداری لەو حکومەتەدا کرد کە لە 1ی حوزەیرانی 2004 حکومەتی کاتی عێراق بە نێوەندگیری نەتەوە یەکگرتووەکان (الأخضر الإبراهيمي) ڕاگەیەندراو ئیبراهیم جعفەری پۆستی جێگری سەرۆك کۆماری وەرگرت، و پێگەی سەرەکی حزبی دەعوەی ئیسلامی لە لوتکەی هەرەمی سیاسیدا پاراست لەکاتی گواستنەوەی سەروەری لە 28ی حوزەیرانی 2004 (مرکز دراسات الوحدة العربية، ٢٠٠٧: ١١٠٥).

حزبی دەعوەی ئیسلامی بەشداری ئەو حکومەتەی کرد کە لە28 حوزەیرانی 2004 لەلایەن ئەیاد عەللاوی پێکهێنرا، مەبەست لە حکومەتە کاتییەکە کار ئاسانی وزەمینە ڕە خساندن بوو بۆسازدانی هەڵبژاردنی گشتی بەتایبەتی دوای ئەوەی شیعەکان ، لەسەرووی هەمووشیانەوە (عەلی سیستانی) گەورە مەرجەعی شیعەکان پێداگرییان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان کرد (کرمانج، ٢٠١٧: ٤٦٠).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو قەیرانەی لە دەوری پێکهێنانی حکومەتی عێراق لە دوای هەڵبژاردنەکانی 15ی کانونی یەکەمی 2005، حزبی دەعوەی ئیسلامی مامەڵەی لەگەڵ سیستمی سیاسی سەرهەڵداو وەک سیستەمێکی زۆرینەی پەرلەمانی کە لە ڕووی دەستوورییەوە فەرمانی پێکراوە، مامەڵەی لەگەڵدا کرد، نەک ڕێکخستنێکی تەواوەتی دابەشکردنی دەسەڵات، سەرەڕای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میکانیزمە کردەییەکانی تەوافوق کە لە لایەن هاوسەنگی هێزە سیاسی و نەتەوەییەکانەوە سەپێندرابوو. لەناو هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقیدا، حزبەکە جەختی لەوە کردەوە کە زۆرینەی هەڵبژاردنەکانی ئەرکێکی دیموکراسییان پێ بەخشیوە بۆ پێکهێنان و سەرکردایەتیکردنی حکومەت،دابەشکردنی پۆستەکان لە چوارچێوەی سیستەمێکی ئاڵۆزی پشکدا ڕوویداوە، دوای هەڵبژاردنەکان (١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥)، سەرەڕای کۆدەنگی لەسەر پێکهێنانی حکومەتێک کە هەمووان لەخۆبگرێت، ناکۆکی بە درێژایی پێنج مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ لەسەر ڕێساکانی بەڕێوەبردنی ئەم کارە بەردەوام بوو. هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقی هەوڵی هێشتنەوەی مافی هەڵبژاردن و دەرکردنی وەزیرەکانی ناو کوتلەکەی دەدات، هەڵوێستێک کە لەلایەن هێزە سوننەکانەوە ڕەتکرایەوە، بۆیە چوارچێوەی ڕاوێژکاری (ئەنجومەن/ لیژنەیەکی هاوبەشی کردەوەی نیشتمانی) بۆ کۆنترۆڵکردنی ناکۆکییەکە دروستکرا، هاوکات دووبەرەکی لەناو کەمپی شیعەکان لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیران لە نێوان ئیبراهیم جەعفەری و عادل عەبدولمەهدی پەرەی سەند، سەرەڕای سەرکەوتنی ئیبراهیم جەعفەری بە پاڵپشتی ڕەوتی سەدری، بەڵام لەلایەن کوتلەی کورد و سوننە ڕەتکرایەوە و هەروەها ئیدارەی ئەمریکا بە دووبەرەکی و بێکاریگەر و زۆر نزیک لە موقتەدا سەدر تەماشای دەکرد (Security Council, 2006:8).

هەرچەندە هاوپەیمانی یەکگرتوو زۆرینەی دەنگی پەرلەمانی هەیە، بەڵام لە دەستووردا هاتووە کە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی هەرێم کە لە سەرۆک و دوو جێگرەکەی پێکهاتووە، دەبێت لەسەر کاندیدکردنی سەرۆک وەزیران ڕێکبکەون، ئەمەش بە شێوەیەکی کاریگەر دەسەڵاتی ڤیتۆ بە کورد و عەرەبی سوننە دەدات لەسەر هەڵبژاردنەکە. هاوپەیمانی عێراقی ئەم دەستێوەردانەی ڕەتکردەوە و هەڕەشەی کرد کە ڕێوشوێنی هاوشێوە لە دژی هەڵبژاردنی هێزەکانی دیکە لە نوێنەرەکانیان لە حکومەت و پۆستەکانی دیکەدا بگرنەبەر، وەک نوێنەکردنەوەی خولی تاڵەبانی و لیدانی کاندیدی سوننە بۆ سەرۆکی پەرلەمان. ناکۆکییەکانی ناو هاوپەیمانی خزمەتی خواستەکانی سوننە و کوردی کرد بۆ مانۆڕکردن و بەرزکردنەوەی سەقفی داواکارییەکانیان (Security Council, 2006:9).

شیعەکان ترسی ئەوەیان هەبوو کە حکومەتیك (ئەیادعلاوی) کە وەك کەسێکی سیکولار ونزیك لە ئەمەریکییەکان ناسرابوو نوێنەرایەتی ئەوان نەکات، لەپشتەوە توندوتیژییەکان بەردەوام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوون لەتەشەنەکردن دابووله نێو جەرگەی شەڕ و ململانێدا یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لە 30 کانوونی دووەمی 2005 ئەنجام درا،کە مەبەستی سەرەکی لێی هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەڵی عێراق بوو بۆ نووسینەوەی (دەستوورێکی هەمیشەیی)، کە نزیکەی هەشت ملیۆن کەس بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کاتیدا کرد، ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکە لێژنەیەکی پێکهێنا بۆ نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی (مرکز دراسات الوحدة العربیة، ١١٠٧:٢٠٠٧).

لیژنەی داڕشتنی دەستووری عێراق لە ٧١ ئەندام پێکهاتبوو کە نوێنەرایەتی لایەنە سیاسییە جیاوازەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەکرد، لەوانە هاوپەیمانی یەکگرتووی شیعە، هاوپەیمانی کوردستان، لیستی عێراقی، سوننە، و کەمینەکانی (تورکمان، مەسیحی، ئاشووری، و ئێزیدی)، بە بەشدارییەکی بەرچاوی ژنان. لیژنەکە چەندین کۆبوونەوە و گفتوگۆی بەرفراوانی ئەنجامدا بۆ گەیشتن بە ڕەشنووسی دەستووری کۆدەنگی، هەرچەندە پێشکەوتنی پرۆسەکە بەشێوەیەکی بەرچاو لە ژێر کاریگەری بۆچوونی هەردوو کوتلەی سەرەکی شیعە و کورددا بوو. دەستوور بە کۆی دەنگ و بە بەشداری هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ڕێککەوتنی لەسەر کرا (الزبیدي، ١٨١:٢٠٠٧).

یەکەم و گرنگترین ئەرکی حکومەتی ڕاگوزەر ئەنجوومەنی نیشتمانی هەڵبژێردراو، داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق بوو. لە 10ی ئایاری 2005 ، داڕشتنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراق ساتێکی سەرەکی بوو لە گۆڕانی حزبی دەعوە ی ئیسلامی لە گوتارێکی دەوڵەت مەرکەزی کە تیشکی خستە سەر بنیاتنانەوەی دامەزراوە نیشتمانییەکان و پاراستنی یەکرێزی و سەروەری، بۆ گوتارێکی دەسەڵات بە ئامانجی چەسپاندنی نفوزی حزب لە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و گەیشتن بە کۆنترۆڵ لەسەر دامەزراوە سەرەکییەکانی دەوڵەت. حزبەکە لە ڕێگەی هاوپەیمانییەکەیەوە لەناو هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقیدا، هەوڵیدا زۆرینەی پەرلەمانی خۆی بەکاربهێنێت بۆ داڕشتنی دەستوورێک کە هاوسەنگی فیدرالیزمی تێدا بێت- کە باس لە داواکارییەکانی کورد و سوننە دەکات- لەگەڵ پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی و مافی زۆرینە بۆ هەڵبژاردنی حکومەت (دەستووری کۆماری عێراق، ٢٠٠٥؛ ئەلزوبەیدی، ٢٠٠٧: ١٨٣). دەستوور تەنیا بەڵگەنامەیەکی یاسایی نەبوو، بەڵکو ئامرازێکی سیاسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوو کە ڕێگەی بە حزبی دەعوە دەدا دەستکەوتە هەڵبژاردنەکانی خۆی بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی کاریگەر. مادەی یەکەم بۆ پاساودانی هەڵوێستی حزبەکە لەبەرامبەر هەوڵی ڤیتۆی کورد و سوننە بۆ کاندیدکردنی سەرۆکوەزیران، هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی ململانێ لەسەر حوکمڕانی زۆرینە بەکارهێنرا. جگە لەوەش کۆمیتەی دەستووری ٥٥ کەسی کە نوێنەرایەتی گرووپە نەتەوەیی و ئایینییە جۆراوجۆرەکانی دەکرد، بەشدارییان کرد لە بەرهەمهێنانەوەی لۆژیکی دابەشکردنی دەسەڵات لەناو خودی دەقی دەستووریدا. ئەمەش ڕێگەی بە حزب دا کە بڕگە دەستوورییەکان وەکو چەقۆیەکی موزایەدە بۆ چەسپاندنی پێگەی دەسەڵاتی خۆی بەکاربهێنێت، نەک وەک چوارچێوەیەکی دەستووری گشتگیر بۆ هاووڵاتیبوون. بۆیە دەتوانرێت لەم قۆناغەدا دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ وەک ئامرازێکی ئینتقالی سەیر بکرێت کە ڕێگەی بە حزبی دەعوە دا گوتاری گشتی دەوڵەت بگۆڕێت بۆ مومارەسەی ڕاستەقینەی دەسەڵات، لە هەمان کاتدا هاوسەنگییەکی ناسک لە نێوان پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی عێراقدا بپارێزێت (کرمانج، ٢٠١٧: ٤٦١؛ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٠٦: ٨-٩).مەجلیس لیژنەیەکی پێکهێنا لە (55) ئەندام کە نوێنەرایەتی مەزهەب و نەتەوە جیاجیاکانی عێراق دەکەن، ئەرکی داڕشتنی دەستووریان پێسپێردرا (الزوبەیدی، ٢٠٠٧: ١٨٣). دەستووری نوێ دووپاتی کردەوە کە "کۆماری عێراق دەوڵەتێکی یەکێتی فیدراڵی و سەربەخۆ و خاوەن سەروەریە، سیستمی حکوومەتی دیموکراسی و نوێنەرایەتی و کۆماریانەی هەیە. ئەم دەستوورە گەرەنتی یەکڕیزی عێراق دەکات" (کرمانج، 2017: 461).

ئەو هەڵبژاردنانەی لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدرا، دەرفەتێکی مێژوویی بوو بۆ حزبە شیعەکان بۆ ئەوەی سەنگی ژمارەیی و سیاسی خۆیان نیشان بدەن بە بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەمەش کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی پێبەخشی لە داڕشتنی پێکهاتەی دەستووری دەوڵەتدا (عبدالجبار، ٢٠٠٦: ٧٢-٧٣). لە 15ی تشرینی یەکەمی 2005 ڕەشنووسی دەستوور خرایە ڕیفراندۆمێکی جەماوەرییەوە، کە تیایدا 78%ی دەنگدەران پەسەندی کرد، بەمەش بووە یەکەم بەڵگەنامەی دەستووری هەمیشەیی کە لە ڕێگەی ئەنجوومەنی هەڵبژێردراو و ڕیفراندۆمی جەماوەرییەوە پەسەند بکرێت (هادی، ٢٠٠٥: ٤٧-٤٨).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو حزبە سیاسیانەی کە هاوبەشی پرۆسەی داڕشتنی دەستوور کرد، ڕەنگدانەوەی ئەو حزبە سیاسییە کاریگەرانە بوو کە لەو کاتەدا زاڵ بوون بەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا. ئەم حزبانە زۆر حەزیان دەکرد بیرۆکەی دابەشبوونی مێژوویی و چۆنیەتی ئاشتکردنەوەیان لە گەلی عێراقدا بچێنن (حسن،٢٠١٩: ٥٤).

دوایی دەستبەکاربوونی ئیبراهیم جەعفەری لە ساڵی ٢٠٠٥دا، ئاڵنگاری ئەمنی وسەردەمی ناسەقامگیری ئاسایش وڵاتی عێراق ڕووبەڕووی پەرەسەندنی توندوتیژی تائیفی بووەوە دوای بۆردومانکردنی مەزارگەی عەسکەری (١) لە سامەرا لە22ی شوباتی ساڵی(٢٠٠٦)، حیزبی دەعوە لە ڕێگەی حکومەتەوە هەوڵی دروستکردنی هێزی ئەمنی بە پاڵپشتی هێزەکانی هاوپەیمانان دەدا، بەڵام ڕووبەڕووی توانای سنووردار بووەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی میلیشیا چەکدارەکان و یەکخستنی بڕیارە ئەمنییەکان، ئەمەش ئالینگاری پێکهاتەیی بوو بۆ گەڕاندنەوەی شکۆمەندی دەوڵەت (حسن،٢٠١٩: ٥٥).

لە ٢٠ی نیسانی ٢٠٠٦ ئیبراهیم جەعفەری ڕایگەیاند کە پابەند دەبێت بە هەربڕیارێکی هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراق سەبارەت بە کاندیدبوونی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران. لە ئەنجامدا هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقی لە 21ی نیسانی 2006 کۆبووەوە و بووە هۆی ئەوەی کەهەڵبژاردنی کاندیدێکی جێگرەوە لە حزبی دەعوە — نوری مالیکی — وەک کاندیدی نوێی هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراق بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق،ئەم پێشهاتە یارمەتیدەر بوو بۆ پێشخستنی پرۆسەی سیاسی ((UN Security Council, 2006:2).

ئەمەش هەنگاوێک بوو کە هەردوو هێزی کوردی و سوننەی ڕازی کرد. وا دیارە کشانەوەی ئیبراهیم جەعفەری لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی سیاسیدا بوو کە تیایدا مالیکی دەستبەرداری هەوڵەکانی بۆ مانەوە لە پۆستەکەیدا بوو، لە بەرامبەردا حزبی دەعوەی ئیسلامی مافی تایبەتی خۆی بۆ کاندیدکردنی جێنشینەکەی هێشتەوە (المساري،٢٠١٩: ١٦٢).

بۆیە دانیشتنی پەرلەمانی عێراق کە لە ٢٣ی نیسانی ٢٠٠٦ بەڕێوەچوو، جەلال تاڵەبانی بۆ خولێکی نوێ بە سەرۆکی کۆماری عێراق هەڵبژێردرا. عادل عەبدولمەهدی (لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، ئەندامی هاوپەیمانی یەککگرتووی عێراق) و تاریق هاشمی (لە حزبی ئیسلامی عێراق، ئەندامی بەرەی ڕێککەوتن) وەک جێگری سەرۆک کۆمار هەڵبژێردران. مەحمود

مەشهەدانی (لە بەرەی دیالۆگی نیشتمانی، بەرەی ڕێککەوتن) بە سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا، لەگەڵ دوو جێگر کە بریتین لە عارف تەیفور (لە هاوپەیمانی کوردستانی) و خالد ئەلعەتیە (لە هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقی).

هەر لەو خولەدا، نووری مالیکی بەفەرمی ئەرکی پێکهێنانی حکوومەتی پێ سپێردرا بەگوێرەی ماددەی (76)ی دەستوور، دوای ئەوەی کێشەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەردوو جێگرەکەیان یەکلایی کرانەوە. ئەمەش چوارچێوەی دەستووری دابەشکردنی سێ دەسەڵاتی باڵای وڵاتەکەی تەواو کرد. ئەم ڕێکخستنە بەرجەستەی ئەوە بوو کە بە داب و نەریتی سیاسی عێراقی ناسرا لەسەر بنەمای کۆتا، واتە دابەشکردنی سێ پۆستە سەروەرییەکە لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکان: شیعە و کورد و سوننە، کە پێگەی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ کورد دیاریکرا، سەرۆکوەزیران بۆ شیعەکان، سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ سوننەکان (عبد الستار وآخرون، ٢٠١٥: ٣٥٢).

"نوری مالیکی لە 20 ی ئایاری 2006 حکومەتەکەی پێکهێنا ، لەسەر بنەمای هاوپەیمانییەکی زۆرینەی پەرلەمانی کە پێکهاتبوو لە هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقی (زۆرینەیان شیعە) و هاوپەیمانی کوردستانی ، کە ڕێگەی پێدا بنکەیەکی پەرلەمانی تەواو بۆ پەسەندکردنی کابینەکەی دەستەبەر بکات " (السامرائي،٢٠١٥: ٣٤).

نوری مالکی لەیەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا دوای ئەوەی حکومەتەکەی دەنگی متمانەی پێدرا لە ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٦دا وتی: لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە حکومەتی نوێی عێراق باسی دەکات، ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بۆ گەلی عێراق. ڕوونیشی کردەوە کە حکومەتەکەی حکومەتێکی تائیفی نییە، مالیکی ڕوونیکردەوە کە حکومەتی نوێ ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە کە یەکەمیان ئاڵنگاری ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە. ئاماژەی بەوەشکرد، تیرۆریستان دەبێت بزانن کە ئەم حکومەتە بڕیاریداوە ڕووبەڕووی ئەم ئاڵنگارییانە بێتەوە. ئاماژەی بەوەشکرد: کاردەکەین بۆ ئەوەی عێراق بە تەواوی سەروەر بێت و سنوورەکانی بپارێزێت و تیرۆریستان دەربکات (السامرائي،٢٠١٥: ٤٥). ئاڵنگاریی دیکە بۆ حکومەت کارکردنە بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ گەلی عێراق دابین بکات، کە زۆرێک لەو خزمەتگوزارییانە بێبەش کراون، دووپاتیشی کردەوە کە ئەم حکومەتە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرامبەر ئالنگاری لاواز دەبێت بەبێ پاڵپشتی گەلی عێراق، کە متمانەی سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەدەستهێناوە، جگە لەمەش مالیکی ڕایگەیاند کە وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری تەنها بۆ دوو کەسی سەربەخۆ دادەنرێت، کە پەیوەندییان بە هیچ حزب و بەرەیەکی سیاسییەوە نییە. جەختی لە هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان لە عێراق و سنووردارکردنی چەکەکان بۆ هێزە ئاسایی و حکومییەکان کردەوە. ستراتیژی مالیکی بە هاوسەنگی نێوان هێز و ئاشتەوایی نەتەوەیی تایبەتمەند بوو. ئامانجی ئەو تەنیا لە کردەوەی سەربازیی دژ بە میلیشیاکان سنووردار نەبوو بەڵکو تێپەڕاندنی دابەشکاریی تائیفی و نەتەوەیی لە عێراق و پێشخستنی یەکگرتنی هێزە چەکدارەکان لە ناو دەوڵەتدا بە شێوەیەک کە هاوسەنگییەکی سیاسی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا بپارێزێت، لەوانەش گرووپە شیعە و سوننە و کوردەکان (International Crisis Group, 2004: 18). ئەمەش بە ڕوونی لە سیاسەتی ئەو بەرامبەر بە پێشمەرگەی کورد کە هێزێکی نیمچە فەرمییە لە ناو هەرێمدا دیارە. کاری کرد بۆ دانانی میکانیزمی هاوکاری و چوارچێوە یە کی یاسایی بۆ دانانی پێگە ی فە رمانی خۆیان لە چوارچێوە ی پێکهاتە ی دە وڵە تی فیدراڵدا، بە بێ ئە وە ی ڕێگە یان پێبدات لە بە غدا تەحەدای دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند بکەن.

بۆیە دەتوانرێت بڵێین ستراتیژی مالیکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی میلیشیاکان تەنیا هەڵمەتێکی سەربازی نەبووە، بەڵکو پلانێکی گشتگیر و پراگماتیک بووە کە سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی و یەکخستنی هێزە چەکدارەکان لە دەرەوەی پێکهاتە تائیفیەکان و بەرەوپێشبردنی ئاشتەوایی نیشتمانی تێکەڵاو بووە، لە هەمان کاتدا هاوسەنگییەکی سیاسی لە نێوان ئەو هێزانەی کە لە حکومەتی هاوپەیمانی پێکدێن. ئەمەش سەقامگیری دەوڵەتی تازەپێگەیشتووی لە قۆناغێکی هەستیاردا لە مێژووی مۆدێرنی عێراقدا مسۆگەر کرد (International Crisis Group, 2006: 23; UN Security Council, 2006:3). هە روە ها ڕایگە یاند کە کار بۆ جێبە جێکردنی پرۆژە ی ئاشتەوایی نیشتیمانی و پردکردنە وە ی بۆشایی نێوان پێکهاتە نیشتمانییە کانی گە لی عێراق دە کات،کابینەکەی نوری مالیکی بەبێ وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری ڕاگەیەندرا. حکومەتێکی هاوپەیمانی بوو کە لە هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراق و لیستی نیشتمانی عێراق و کورد و بەرەی ڕێککەوتن پێکهاتبوو، لە 8ی حوزەیرانی 2006 وەزیرانی

ناوخۆ و بەرگری لە حکومەتەکەی نوری مالیکی دامەزران: (محەمەد عەبدولقادرعوبەیدی وەک وەزیری بەرگری، جەواد بۆلانی لە حزبی فەزیلەی هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراق وەک وەزیری ناوخۆ، و شێروان وەیلی لە حزبی دەعوە لە هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراق وەک وەزیری دەوڵەت بۆ ئاسایشی نیشتیمانی.) دەستنیشانکرا (United Nations Security Council, 2006:2).

سەرەڕای ئەمەش پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی مالیکی مشتومڕی سیاسی توندی لەگەڵدا بوو، دوای هەڵبژاردنی بە سەرۆک وەزیران، مالیکی کابینەکەی پێشکەش بە پەرلەمان کرد کە 37 وەزیر لەخۆدەگرت، لەنێویاندا وەزیری بە وەکالەت بۆ وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ. دواتر وەزیرانی هەمیشەیی بۆ ئەو پۆستانە دەستنیشانکران دوای ئەوەی ڕێککەوتن لەنێوان کوتلە سیاسییەکان کرا. هاوپەیمانی یەکگرتووی شیعەکان بەدوای وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆدا دەگەڕا، لە کاتێکدا لیستی عێراقی کێبڕکێی وەزارەتی ناوخۆی دەکرد، بە ڕێککەوتنێکی ناڕاستەوخۆ کە بەرپرسێکی سەربەخۆی هاوپەیمانییەکە وەزارەتی بەرگری لە ئەستۆ دەگرێت. هاوکات بەرەی ڕێککەوتن و هاوپەیمانی کوردستانی لەسەر وەزارەتی دەرەوە دانوستانیان دەکرد (Sullivan, 2013:4).

سەرهەڵدانی حزبی دەعوەی ئیسلامی بۆ سەر دەسەڵات لە دوای هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥، وەرچەرخانێکی سەرەکی بوو لە ڕێڕەوی ئەو حزبەدا. لە گوتارێکی تیۆری کە جەختی لەسەر بنیاتنانی دەوڵەت و گەشەپێدانی دامەزراوەیی دەکردەوە، گواسترایەوە بۆ پراکتیکێکی سیاسی کە سەرنجی لەسەر چەسپاندنی دەسەڵات و دەستەبەرکردنی مانەوەی لە چوارچێوەی ژینگەیەکی ئەمنی زۆر هەستیاردا بوو. ئەم گۆڕانکارییە هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی توندوتیژی تائیفی، ئەمەش وایکرد حزبەکە و هاوپەیمانە شیعەکانی، گروپە چەکدارەکان و لیژنە ئەمنییەکانی نیمچە فەرمی وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ بەڕێوەبردنی ململانێ و پاراستنی کۆنترۆڵی سیاسی کەڵک وەربگرن.

لەم چوارچێوەیەدا، یەکەم حکومەتی نوری مالیکی سوودی لە گەشەسەندنی کاریگەریی هێزە شیعەکان لە ناو وەزارەتی ناوخۆدا وەرگرت، بەتایبەتی لە سەردەمی وەزیر بەیان جابر سۆلاغ. میلیشیا شیعەکان- وەک (ڕێکخراوی بەدر، فراکسیۆنەکانی سوپای مەهدی)، و تۆڕەکانی ناسراو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە میدیاکاندا بە "فەقەی مەرگ"-«فرق الموت»- بە فەرمی یان لە ڕێگەی هاوکاری دامەزراوەیی بێدەنگەوە لە ئامێری ئەمنی دەوڵەتدا یەکخران (کرمانج، ٢٠١٧: ٤٦٢؛ حەداد، ٢٠١١). ئەم سەریەککەوتنە لە نێوان دەوڵەت و میلیشیاکان بەشداری کرد لە داڕشتنەوەی خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان بە درێژایی هێڵە تائیفیەکان، لە ڕێگەی وەدەرنانی کارمەندانی سوننە، بە تایبەت بەعسییەکانی پێشوو و ئەوانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕژێمی پێشوودا کاریان کردبوو، بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

ئەم گۆڕانکارییە تەنیا پرسێکی ئەمنی نەبوو، بەڵکو پرسێکی قووڵی سیاسی بوو. ڕەنگدانەوەی گۆڕانی حزبی دەعوە بوو لە هێزێکەوە کە هەوڵی بنیاتنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەدات بۆ هێزێکی تاکڕەو کە توندوتیژی نارێک بەکاردەهێنێت بۆ دەستەبەرکردنی باڵادەستی لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. ئەم ڕەوتە دوای بۆردومانکردنی مەزارگەی عەسکەری لە سامەرا لە ٢٢ی شوباتی ٢٠٠٦دا بەهێزتر بوو، کە خاڵی وەرچەرخانێک بوو لە شەرعیەتدان بە توندوتیژی تائیفی وەک "وەڵامێکی بەرگریکارانە" -"ردًا دفاعيًا". ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی کوشتن و ئاوارەبوونی زۆرەملێ لە بەغدا، زۆرجار بە تێوەگلانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان (ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٠٦).

ڕاپۆرتەکانی نێردەی هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق (یونامی) ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم بۆردومانە نەک هەر توندوتیژی تائیفی پەرەپێدا بەڵکو لاوازبوونی قۆرخکاری دەوڵەتی لەسەر بەکارهێنانی هێز ئاشکرا کرد. گروپە چەکدارە شیعەکان دەستیان کرد بە ئەنجامدانی ئەرکە ئەمنییەکان هاوتەریب لەگەڵ ئەرکەکانی دەوڵەت، ئەمەش وای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد داوای درێژکردنەوەی کۆنترۆڵی حکومەت بکات بەسەر هەموو پێکهاتە چەکدارە مەدەنی و نامەدەنیەکاندا ، بەڵام ئەم بانگەوازانە لەگەڵ واقیعێکی سیاسیدا بەریەککەوتن کە تیایدا ئەم گروپانە بەشێک بوون لەو هاوسەنگییە دەسەڵاتەی کە حزبی دەعوە پشتی پێبەستبوو بۆ حوکمڕانی.(UN Security Council,2006:3).

بەم پێیە ئەزمونی حیزبی دەعوەی ئیسلامی لە ماوەی ساڵانی 2005-2006 دەتوانین بە نموونەیەکی ڕوونی گۆڕانی پارتە ئیسلامیە سیاسییەکان لە گوتاری "دەوڵەتی دامەزراوەیی" بۆ گوتارێکی "دەسەڵاتی دەوڵەت" هەژمار بکرێت. میلیشیا و لیژنە چەکدارەکان بوونە بەشێک

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە میکانیزمە ڕانەگەیەندراوەکانی حوکمڕانی. ئەم گۆڕانکارییە بەشداری کرد لە چەسپاندنی لۆژیکی دابەشکردنی دەسەڵاتی تائیفی و لاوازکردنی توانای دەوڵەت بۆ کارکردن وەک قەوارەیەکی بێلایەن و ڕێگە خۆشکردن بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری قووڵتر لە پێکهاتەی سیستەمی سیاسی عێراقدا.

دوای پێکهێنانی حکومەتی نوری مالیکی ، شیعە تازە دامەزراوەکان ئەو هەلە یان قۆستەوە لەگەڵ هەلی بوونی بەیان جەبر لەوەزارەتی ناوەخۆ بۆ دانانی سەرکردەکان وئەندامانی هێزە شیعییەکان لە پۆست وجومگە سەرەکییەکانی دامەزراوە ئەمنییەکان بۆ جێگرتنەوەی سوننەکان ، شیعەکان تازە دامەزراوەکان پۆستە نوێیەکانیان بەکار دەهێنا بۆیەکلاکردنەوەی تۆڵە وغەدرو دۆژمندارییە کۆنەکانییان لە گەڵ سوننە کان ، بەتایبەتی کۆنە بەعسییەکان و ئەوکەسانەی کەلە دەزگای سیخوری وئەمنییەکانی ڕژێم پێشتر کاریان دەکردو گوایە دەستیان لە خراپەکاریدا هەبووە، ئەم کارە توندو تیژی ونایەکسانییەی شیعەکان لەدەرەوەی دام ودەزگاکانی حکومەت ، سوننەکان ڕۆژبە ڕۆژ هەڵمەتە توند وتیژییەکان و کارە تیرۆرستییەکانیان درێژە پێ دەدا، بەو مەبەستەی کە دەسەلاتە سیاسییە تازە دامەزراوەکە بنکۆڵ بکەن و ئەگەرەکانی گەڕانەوەی خۆیان بۆ دەسەلات زیاد بکەن (کرمانج،٢٠١٧: ٤٦٢).

لە تۆڵەی کارو کردەوە تیرۆرستییەکانی گروپە توندڕەوەسوننەکان و ترسی تەشەنەکردنی پاکتاوی مەزهەبی لە بەغدا ، میلیشیا شیعیەکان بە هاوکاری ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆی پۆلیس ودەزگا ئەمنییەکان وەك پەرچە کردارو تۆڵە ژمارەیەك لیژنەیان دروستکرد ، لەسەرەتا لە ئاستێکی سنورداركارەكانیان ئەنجام دەدا تەنیا کۆنە ئەفسەرە باڵاکانی سوپای عێراق وهێزە ئاسمانیەکانیان کردبووە ئامانج، بەڵام دوای بۆردومانکردنی مەزاری (حەسەن عەسکەری) لە سامەرا لە 22ی شوباتی 2006 دا ، توندوتیژییەکانی گۆڕی بۆ ڕێککەوتنی تائیفی فراوان و بەشێوەیەکی لەناکاو دیمەنی پێشێلکاری و ئاوارەبوونی ناوخۆی دارِشتەوە.شەپۆلی توندوتیژی هیچ بەربەستێك ڕای نەدەگرت چ ئەوانەی شیعەکان لە دژی سوننەکان چ پێچەوانەکەی وێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی) بۆردومانەکەی بە خاڵی وەرچەرخان زانی کە پێویستی بە درێژکردنەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر هێزە ئاساییەکان و سەرجەم پێکهاتە چەکدارەکاندا هەبوو (UN Security Council,2006:3).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە 1ی ئەیلولی 2006، نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، میلیشیا چەکدارەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرپرسیاری لە دارمانی ئەمنی و بڵاوبوونەوەی کوشتن و هێرشی تۆڵەسەندنەوە زانی، بەڵێنیدا بە هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان و چەکداماڵینیان کۆتایی بەم دیاردەیە بهێنێت، جەختی لەوە کردەوە کە دواتر فەرمانەدەی ناوەندی (جەنەراڵ جون أبي زيد (٢)، جەختی لەسەر پێویستی نەهێشتنی میلیشیاکان کردەوە و هۆشداریدا لەوەی عێراق خەریکە دەخزێتە ناو شەڕی ناوخۆوە، ئەمە ئەو قسانەیە کە مالیکی هەمیشە بە سەردانکەرانی ئەمریکی خۆی گوتوویەتی، لە ٢١ی ئەیلوولی ٢٠٠٦، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق،(مەنفرێد نۆواک)(٣)، ڕایگەیاند کە ئەشکەنجەدان لە عێراق بە ڕێژەیەکی زیاتر لە سەردەمی دەسەڵاتی سەدام حوسێن، سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق ئەنجام دەدرێت، ئاماژەی بەوەشکرد ئەشکەنجەدان لە عێراق لە ژێر کۆنترۆڵ دەرچووە، گۆڤاری (زەلانسێت)ی بەریتانی بڵاویکردەوە، لەدوای لەشکرکێشییەکەی ساڵی 2003ەوە (655) هەزار عێراقی لە عێراق کوژراون،کە دەکاتە 2.5%ی دانیشتوانی عێراق. مالیکی وەڵامی ئەم ڕاپۆرتەی دایەوە و ڕایگەیاند، چارەسەری خێرا بۆکێشەی توندوتیژی تائیفی لە عێراق پێویستە، چارەسەرێک کە ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان (السامرائي،٢٠١٥: ٦٠).

لە کۆتاییەکانی ساڵی 2006 سەرکەوتنی مالیکی لە چەسپاندنی (تارادەیەك) ئاسایشی ناوچەکانی عێراق ، بەتایبەت هەردوو پارێزگای (بەغدا و بەسرە) ، نەهێشتنی دەسەڵاتی میلیشیای (سوپای مەهدی)(٤) کۆکردنەوەی زۆربەی سەرکردە سەربازی و ئەمنییەکان لە دەوری خۆی ، بە حوکمی ئەوەی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراقە لەگەڵ پەیرەوکردنی گوتارێکی سیاسی جیاواز ،بە ئاراستەی بوونیاتنانەوەی دەوڵەت لەسەر شێوازی دەوڵەتی دامەزراوەکان،گرینگترین خاڵە بەهێزەکانی سەرکەوتنی مالیکی وهاوپەیمانەکەیەتی .(Janab,2008:4)

ئەم بەشە ئەوە دەردەخات کە بەشداری حزبی دەعوەی ئیسلامی لە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق لە ماوەی 2003-2004 و دواتر لە حکومەتە ئینتقالیەکان تا ساڵی 2006، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ڕێڕەوی سیاسی حزبەکەدا پێکهێنا. لەچوارچێوەی سیستەمێکی سیاسی نوێ کە لەژێر داگیرکاریی دەرەکی و گواستنەوەی دامەزراوەیی ئاڵۆزدا پێکهاتبوو، لە ڕێکخراوێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئۆپۆزسیۆنەوە کە بەنهێنی و لە دەربەدەریدا کاردەکات، بۆ ئەکتەرێکی سیاسی فەرمی بەشداری لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا کرد. ئەم بەشدارییە تەنیا ئامادەبوونێکی فەرمی نەبوو لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، بەڵکو نوێنەرایەتی سەرەتای پێگەیشتنێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی حزبی لە چوارچێوەی قەوارەی دەسەڵاتدا دەکرد.

جگە لەوەش ئەم گۆڕانکارییە حزبی دەعوەی ئیسلامی ناچار کرد کە گوتاری سیاسی و ئامرازە تەشکیلاتیەکانی خۆی دابڕێژێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی کاری دەستووری و پەرلەمانیدا بگونجێت. ئەمەش لە بەرامبەردا گرژییەکی پێکهاتەیی لە نێوان چوارچێوەی فیکری ئیسلامی شیعەی خۆی و داواکارییەکانی حوکمڕانی لە دەوڵەتێکی فرە تائیفی و فرە نەتەوەیی دروستکرد. ئەم گرژییە بە تایبەتی لە پەسەندکردنی میکانیزمەکانی دابەشکردنی دەسەڵاتدا دەرکەوت، کە شەرعیەتی حزبی بۆ بەشداریکردن و نوێنەرایەتی بەخشی، بەڵام لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی سیستەمێکی هاوسەنگی تائیفیدا قەتیس کرد و توانای بەڕێوەبردنێکی یەکگرتووی ناوەندیی سنووردار کرد.

ئەزمونی حزبی دەعوە لەم ماوەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەشداریکردنی لە ئەنجومەنی حوکمڕانی و داڕشتنی چوارچێوەی دەستووری و ئینتقالی بەشداری کرد لە چەسپاندنی ئامادەیی خۆی وەک هێزێکی سیاسی کاریگەر لە سیستەمی نوێدا. بەڵام ئەم بەشدارییە لە چوارچێوەی ژینگەیەکی سەروەری ناتەواودا ڕوویدا، کە بە سەریەککەوتنی بڕیاردانی نیشتمانی لەگەڵ کاریگەری دەرەکی، پەرەسەندنی دابەشکارییە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەسەندنی تەحەددیاتی ئەمنی تایبەتمەند بوو. بۆیە دەکرێ بڵێین ماوەی ساڵانی 2003 تا 2006 نوێنەرایەتی چرکەساتێکی دووانەی دامەزرێنەری دەکرد: لەلایەک بناغەی دامەزراوەیی دانا بۆ چوونە ناو حکومەت و لەلایەکی دیکەشەوە تۆوی کێشەکانی چاند کە دواتر کاریگەری لەسەر ئەدای کارکردنی لە دەسەڵاتدا هەبوو، چ لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و چ لە مامەڵەکردن لەگەڵ پلۆرالیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

بەم شێوەیە ئەم میحوەرە خاڵی هاتنە ژوورەوەی شیکاری پێکدەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە پەرەسەندنی ڕۆڵی حزبی دەعوەی ئیسلامی لە قۆناغەکانی دواتردا، بە تایبەت لە کاتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرکردایەتیکردنی حکومەتدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ کە ئەو قۆناغەیە کە لە میحوەرەکەی داهاتووی لێکۆڵینەوەکەدا باسی لێوە دەکرێت.

تەوەری سێیەم : پەیوەندی حزبی دەعوەی ئیسلامی لەگەڵ حزبەکانی دیکەی شیعەکانی عێراق 2003-2006:

دیمەنی سیاسی شیعە لە عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ شایەتی گۆڕانکاری قووڵی بەخۆیەوە بینی کە بە فرەیی ئەکتەرەکان و ڕۆڵی سەریەککەوتوو و چوارچێوەی فیکری و ڕێکخراوەیی جیاواز لە نێوان هێزە ئیسلامییە شیعەکاندا تایبەتمەند بوو. لەگەڵ داڕمانی دەوڵەتی ناوەندی و سەرهەڵدانی سیستەمێکی سیاسی نوێ لەسەر بنەمای سیاسەتی فرە حزبی و کۆدەنگی سیاسی، پەیوەندی نێوان حزبەکانی نێوان لایەنە شیعەکان بووە فاکتەری یەکلاکەرەوە بۆ داڕشتنی پرۆسەی سیاسی، جا چ لە پێکهێنانی هاوپەیمانی هەڵبژاردن یان بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی حکومەت و دابەشکردنی دەسەڵات.
لە بەرامبەر ئەم پاشخانەدا، ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر شیکردنەوەی سروشتی پەیوەندی نێوان حزبی دەعوەی ئیسلامی و لایەنە شیعەکانی دیکەی چالاک لە ماوەی 2003-2006، بەتایبەتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، بزووتنەوەی سەدری و حزبی فەزیلەتی ئیسلامی. ئامانج لێی تێگەیشتنە لە نەخشەکانی هاوکاری و ململانێ و سنووری ڕێککەوتن و ناکۆکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کاریگەریی ئەو پەیوەندیانە لەسەر سەقامگیری و ئەدای هاوپەیمانییە شیعەکان لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی عێراقی سەرهەڵدەدات.

1) **پەیوەندی نێوان حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی:** پەیوەندی نێوان حزبی دەعوەی ئیسلامی و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق (SCIRI) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەربەدەربوونیان لە ئێران لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کاتێک کۆماری ئیسلامی پشتیوانی لە هێزە شیعەکانی دژ بە ڕژێمی بەعس لە عێراق دەکرد. بەڵام لە سەرەتاوە جیاوازی ئایدیۆلۆژی لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا سەریهەڵدا، بەتایبەتی سەبارەت بە چەمکی سەرپەرشتیکردنی فەقیێ. ئەنجوومەنی باڵا زیاتر مەیلیئەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوو کە ئەم پرەنسیپە لە باوەش بگرێت، لە کاتێکدا حزبی دەعوە پابەند بوو بە تیۆرێکەوە کە نزیکتر بوو لە چەمکی "پاراستنی میللەت بەسەر خۆیدا" کە محمد باقرسەدر پێشنیاری کردبوو. پێش ساڵی 2003 پەیوەندی نێوان ئەنجوومەنی باڵا و حزبی دەعوە وریا بوو، بە هەماهەنگی نافەرمی تایبەتمەند بوو، بەتایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سەدری وەک هێزێکی جەماوەری لە چوارچێوەی عێراق لە ساڵانی نەوەدەکان و نەبوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان سەرکردایەتی دەعوە لە دەربەدەری و بنکەکەی لە ناوخۆی وڵات (العلوي، ٢٠٢١: ٨٣).

ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە مانگی نیسانی ٢٠٠٣ سەردەمێکی نوێی سیاسی بۆ هێزە شیعەکان لە عێراق دەستپێکرد. ئەم هێزانە بە خێرایی کەوتنە ناو پرۆسەی سیاسی کە لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانی دیاری کرابوو، لە ڕێگەی ئەنجومەنی حوکمڕانی ئینتقالی کە لە مانگی تەمموزی ٢٠٠٣ دامەزرا، نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و باڵە سەربازییەکەی، فەیلەقی بەدر، بەشداریان لەم ئەنجومەنەدا کرد، لەگەڵ نوێنەرانی حزبی دەعوەی ئیسلامی. بزووتنەوەی سەدری لەو سەردەمەدا لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسی فەرمی مایەوە و چالاکی بنەڕەتیی پێ باشتر بوو.

ئەم بەشدارییە بووە هۆی پێکهێنانی ئەو وڵاتە کە بە هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقی ناسرا، بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی باڵاترین دەسەڵاتی ئایینی لە نەجەف. ئە م هاوپە یمانێتییە وە ک چە ترێکی سیاسی بۆ هێزە شیعە کان لە یە کە م هە ڵبژاردنی گشتیدا بوو کە لە مانگی 1ی ساڵی 2005 بە ڕێوە چوو، هاوپە یمانێتییە کە بریتی بوو لە حزبی دەعوەی ئیسلامی و ئە نجومە نی باڵا و حزبی فەزیلە و ڕە وتی سە دری و سە ربە خۆیە کانی تر و زۆرینە یە کی پە رلە مانی بە دە ستهێنا کە وای لێکرد سە رکردایە تی پرۆسە ی سیاسی بکات.

لەسەر بنەمای ئەم ئەنجامانە شیعەکان کۆنترۆڵی حکومەتی ئینتقالییان بەدەستهێنا کە ئیبراهیم جەعفەری نوێنەری حزبی دەعوە ی ئیسلامی سەرۆکایەتی دەکرد، هاوکات ئەنجومەنی باڵا و فەیلەقی بەدر وەزارەتە گرنگەکانی وەک وەزارەتەکانی ناوخۆ و ئاسایشیان کۆنترۆڵکرد. ئەمەش یەکەم دابەشبوونی کاریگەری سیاسی لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ پێکهێنا.(International Crisis Group, 2006: 55)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواتر پەیوەندی نێوان ئەو دوو حزبە پەرەی سەند و بوو بە هاوپەیمانییەکی سیاسیی دەسەڵاتدار، سەرەڕای بەردەوامیی جیاوازیی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیی لە نێوانیاندا. حزبی دەعوە بە پاشخانی مێژوویی نەجەفەوە، لایەنگری واقیعی سیاسی و ئیدارەی مەدەنییە، لە کاتێکدا ئەنجومەنی باڵا ڕێکخراوێکە کە لە دەربەدەری ئێران دامەزرا و باڵێکی سەربازی کاریگەری هەیە، ئەویش فەیلەقی بەدرە. بەڵام ئەم ناکۆکییانە نەبووە ڕێگر لە دابەشکردنی ڕۆڵەکانی ناو هاوپەیمانی شیعەکان. حزبی دەعوە پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت (سەرەتا جەعفەری و پاشان مالیکی)، لە کاتێکدا ئەنجومەنی باڵا کاریگەری خۆی لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و پۆلیسدا پاراست، کە دواتر دیاردەی "دوو ئاسایش"ی "الازدواجية الأمنية"لێکەوتەوە

پێکهێنانی ئەنجوومەنی حوکمڕانی ڕاگوزەر لە 13ی تەمموزی 2003، لەسەر بنەمای فەرمانی ژمارە 6 بوو کە لە لایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانییەوە دەرچوو، دواتر دەرکردنی یاسای کارگێڕی بۆ دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی راگوزەر لە 8ی ئازاری 2004. لە چوارچێوەی ئەم دوو قەوارەیەدا حزبی دەعوە و ئەنجومەنی باڵای دابەشکردنی پۆست و ئیدارەی حوکمڕانی ئینتقالی هاوکاری کرد حزبی دەعوە ئەرکی جێبەجێکردن و کارگێڕی گرتە ئەستۆ، لە کاتێکدا ئەنجومەنی باڵا سەرنجی لەسەر درێژکردنەوەی کاریگەرییەکانی لەناو دەزگا ئەمنی و کارگێڕییەکاندا بوو، هاوپەیمانییەکی پراگماتیکی بەرهەمهێنا کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش بوو نەک یەکەیەکی ڕێکخراوەیی یەکگرتوو.(U.S. Department of State, 2006: 10)

لە ماوەی 2003-2005، هاوپەیمانی شیعەکان بەشدارییان کرد لە چەسپاندنی ناسنامەی دەوڵەتی نوێی عێراق کە بە ئیسلامی سیاسی تایبەتمەندە، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی لە نەجەف، بەتایبەتی لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی. بەڵام ناکۆکی لەسەر دابەشکردنی پۆستە باڵاکان و میکانیزمەکانی حوکمڕانی وردە وردە دەستی بە سەرهەڵدان کرد، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی گرژی لەناو هاوپەیمانی شیعە و دابەشبوون لە دیدگاکان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە ساڵانی دواتردا (الدليمي، ٢٠٠٧: ٤٥).

یەکگرتن و جیابوونەوەی پێکهاتەیی. سەرەڕای هاوپەیمانی هەڵبژاردن لەناو هاوپەیمانی یەکگرتوودا، لە ساڵی ٢٠٠٥ دا حزبی دەعوە و ئەنجومەنی باڵا و فراکسیۆنە بچووکەکانی شیعە هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقیان پێکهێنا، هاوپەیمانییەک کە زۆرینەی دەنگەکانی لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجوومەنەکەدا بەدەستهێنا و دەستوورێکی نوێیان نووسی. لەگەڵ حزبە کوردییەکان(پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانی کوردستان)، بناغەکانی سیستەمێکی سیاسییان پەرەپێدا کە نەک لەسەر بنیاتنانی دەوڵەتی ئیسلامی، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی فرەیی فیدراڵیدا، ئەم ئامانجە لە دەستووری نوێدا ڕەنگدانەوەی هەبوو. لە مادەی یەکەمدا عێراق بە "فیدراڵی، سەربەخۆ کۆماری، نوێنەری، پەرلەمانی و دیموکراتی" وەسف کردووە. وشەی (ئیسلامی) بەکارنەهات. سەبارەت بە ڕۆڵی ئیسلام لە یاسادانان، مادەی دووەم وەک ئایینی فەرمی دەوڵەت و سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ یاساکان وەسفی کردووە - بە پێچەوانەی سەرچاوەی سەرەکی . هێشتا مەرجی ئەوە دانرابوو کە هیچ

یاسایەک ناتوانێت دژایەتی برگە دامەزراوەکانی ئیسلام یان بنەماکانی دیموکراسی و ئازادییە سەرەتاییەکان بکات (Hasan,2019:6).

ئەم هاوپەیمانییە پێش ئەوەی لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٥دا "بێلایەنی" ڕابگەیەنێت، حزبی دەعوەی ئیسلامی، ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی ، ڕەوتی سەدری، حزبی فەزیلە و ئەوانی دیکەی لە ژێر چاودێری ئەخلاقی دەسەڵاتی ئایینی نەجەفدا کۆکردەوە، دواتر ئەم چوارچێوەیە تووشی درز و کشانەوە بوو (حزبی فەزیلە لە ساڵی ٢٠٠٧، سەدرییەکان لە ساڵی ٢٠٠٧)، و گرژییەکان لەسەر پرسەکانی فیدراڵیزم، بەڕێوەبردنی وەزارەتەکان و کاریگەرییە ناوخۆییەکان هەبوو (International Crisis Group ,2007:70).

دوابەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥، هێزە شیعەکان چوونە ناو دانوستان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانی نوێ بۆ عێراق. ئەم قۆناغە شایەتی کێبڕکێی توندی نێو هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقی لە نێوان کاندیدی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق عادل عەبدولمەهدی و کاندیدی حزبی دەعوەی ئیسلامی ئیبراهیم جەعفەری بەخۆیەوە بینی. لە دەنگدانی ناوخۆی هاوپەیمانیدا، ئیبراهیم جەعفەری تەنها بە یەک دەنگ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کە ڕەوتی سەدری پاڵپشتیی کرد، ئەمەش گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێز لەناو هاوپەیمانی شیعەدا دیاری دەکات. بە ڵام گوشارە کانی دانوستانە سیاسییە کانی نێوان کوتلە جیاجیاکان، جگە لە نارِە زایە تییە کانی سوننە و کورد و ئە مریکا لە سە ر کاندیدبوونی، دواجار

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە هۆی جێگرە وە ی نووری مالیکی لە حزبی دە عوەی ئیسلامی لە بە هاری 2006 (The Guardian, 2006: 5).

ئەم گۆڕانە سەرەتای درزێک بوو لە پەیوەندی نێوان حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵا لەناو هاوپەیمانی شیعەدا. هەرچەندە هاوبەشی ئەوان لە حوکمڕانی و دابەشکردنی پۆستەکاندا بەپێی بنەمای پشکنین (بەشداری وەزارەت و شەرعیەتی هەڵبژاردن) بەردەوام بوو، بەڵام دواتر ناکۆکییەکان لە نێوانیاندا قووڵتر بووەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە پرسەکانی لامەرکەزییەت و فیدراڵیزم و پێکهاتەی خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان. فەیلەقی بەدر، سەر بە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، دوای بۆردومانکردنی مەزارگەی عەسکەری لە سامەڕا لە ساڵی 2006، نفوزی خۆی لەناو وەزارەتی ناوخۆ و خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان بەهێزتر کرد، ئەمەش بووە هۆی دووانەیی لە بەڕێوەبردنی ئەمنی- (ازدواجية في إدارة الأمن) لەناو دەوڵەتدا و سنووردارکردنی توانای حکومەتی ناوەندی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بە شێوەیەکی پیشەیی و یەکگرتوو.

بە تێپەڕبوونی کات، پەیوەندی نێوان ئەو دوو حزبە لە هاوپەیمانییەکی سیاسی یەکگرتووەوە گۆڕا بۆ هاوبەشییەکی گرژو بەرژەوەندیی، هەر لایەنێک بنکەی ڕێکخراوەیی و سەرچاوەکانی کاریگەری خۆی لە چوارچێوەی ئەو شوێنەی کە پێی دەگوترا "ماڵی شیعە" پاراست. ئەم دابەشبوونانە بە دامەزراندنی پێکهاتەیەکی نوێ لە لایەن ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٠٧ و کشانەوەی بزووتنەوەی سەدری لە هەمان هاوپەیمانی لە هەمان ساڵدا زیاتر دەرکەوتن و یەکڕیزیی هێزە شیعەکانی دەسەڵاتدار لەو سەردەمەدا لاواز بوو (U.S. Department of State, 2007: 21).

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندی نێوان حزبی دەعوەی ئیسلامی و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق لە ماوەی 2003-2006 پراگماتیک بووە نەک ئایدۆلۆژی جونکە لەسەر بنەمای هاوکاری بۆگەیشتن بە نفوزی سیاسی و بەشداری دەسەڵات بوو نەك لەسەر ڕێکەوتنی تەواوی ئایدۆلۆژی. بارودۆخی ئینتقالی پێویستی بە هاوکاری لەناو هاوپەیمانییە کاتیەکاندا هەبوو بۆ هاوبەشکردنی کاریگەریی سیاسی (Al-Khafaji, 2010:45). ئەم هاوکارییە وایکرد هێزە شیعەکان بتوانن پۆستە سەرەکییەکان لە حکومەتی ئینتقالیدا کۆنترۆڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکەن، حزبی دەعوە پۆستی سەرۆک وەزیرانی بەدەستهێنا و ئەنجومەنی باڵاش لەڕێگەی فەیلەقی بەدرەوە کاریگەریی ئەمنیی پاراست. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە "ئیدارەی دووانە ئەمنی" - "ازدواجیة إدارة الأمن" و دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی لاواز بکات (International Crisis Group, 2005; Hashim, 2006). کێبڕکێی ناو هاوپەیمانییەکە، بەتایبەتی سەبارەت بە کاندیدکردنی سەرۆک وەزیران لە دوای هەڵبژاردنەکانیساڵی ٢٠٠٥، تیشکی خستە سەر ناسکی هاوپەیمانییەکە و سنووری یەکگرتووییەکەی. هاوبەشییەکە وردە وردە گۆڕا بۆ هاوسەنگی هێز کە زیاتر لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە سیاسییەکان بوو نەک دیدێکی ستراتیژی هاوبەش، ئەمەش ڕەنگدانەوەی سروشتی هاوپەیمانییەکانی شیعە بوو لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ (Dodge, 2012).

2) پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی سەدری: لە پچڕانی مەیدانییەوە بۆ یەکگرتنی هەڵبژاردن: لە ساڵی 2003وە بزووتنەوەی سەدری بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر، سەرنجی لەسەر فراوانکردنی بنکەی جەماوەری خۆی لە ناو شاری سەدر لە بەغدا و هەروەها لە شارە کانی باشوور و ناوچە هەژارەکان، لە ڕێگەی تۆڕێک لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و خێرخوازییەکانی وەک کاروانی هاوکاری و لیژنەکانی پرسە و ڕێکخراوە مرۆییەکان. ئامانج لێی بنیاتنانی بنکەیەکی جەماوەری فراوان بوو کە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو شەرعیەتی کۆمەڵایەتی و ئایینی پێ ببەخشێت. لە 18ی تەمموزی 2003، موقتەدا سەدر لە مزگەوتی کوفەوە دامەزراندنی باڵی سەربازی خۆی کە بە (سوپای مەهدی/ هەڵوێستی ئێران) ناسراوە، وەک ئامرازێک بۆ بەرگریکردن لە ناوچە شیعەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی داگیرکەری ئەمریکا و هێزە ڕکابەرەکانی ڕاگەیاند. ئەم باڵە لە ڕووداوەکانی نیسانی ٢٠٠٤ و شەڕەکانی نەجەف و شاری سەدر و بەغدا چالاک بوو و وەک ئامرازێک بۆ هەردوو فشاری مەیدانی و سیاسی بەکارهێنرا (التمیمي، ٢٠٢١: ١٤٢).

لە لایەکی دیکەوە حزبی دەعوەی ئیسلامی هەوڵی چەسپاندنی پێگەی خۆی وەک "حزبێکی دەوڵەت" لە ڕێگەی بەشداری چالاکانە لە دامودەزگاکانی حکوومەتی ئینتقالی و حکوومەتەکانی دواتردا، بە کەڵک وەرگرتن لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و کادیرە ئیدارییەکانی، کە ئەزموونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەڵەکەبووی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا، چەسپاند. ئەم جیاکارییەی ڕۆڵەکان بووە هۆی دابەشبوونی هەژموون ڕانەگەیەندراو لەناو گۆڕەپانی سیاسی شیعەدا. حزبی دەعوە سیستەمی دامودەزگاکانی حکوومەتی بەڕێوە دەبرد، ڕەوتی سەدرییش سەرنجی لەسەر کۆکردنەوەی پشتیوانیی بنەڕەتی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بوو. ئەم جیاکارییە نوێنەرایەتی جۆرێک لە هاوسەنگی دەکرد لە نێوان شەرعیەتی دامەزراوەیی کە حزبی دەعوە پشتگیریی دەکرد و ئەو شەرعیەتییە جەماوەرییەی کە بزووتنەوەی سەدری بەرجەستە بوو. ئەمەش بووە هۆی بەردەوامبوونی کێبڕکێی ناوخۆیی و گرژی لەناو پێکهاتەی سیاسی شیعە لە عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ (International Crisis Group, 2006: 55).

پەیوەندیی حزبی دەعوە لەگەڵ ڕەوتی سەدری لە ساڵی 2003ەوە بەشێوەیەکی دووانە تایبەتمەند بووە: ئەو دوو لایەنە لە چوارچێوەی هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقی لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥دا کێبڕکێیان کرد. هاوپەیمانی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی بەدەستهێنا و سەدرییەکان پشکێکی بەرچاویان لە کورسییەکان مسۆگەر کرد. لە ناوخۆشدا جێگرانی بزووتنەوەکە پشتگیریان لە کاندیدکردنی ئیبراهیم جەعفەری بۆ سەرۆک وەزیران کرد و بە یەک دەنگ لە کاندیدی ئەنجوومەنی باڵا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئەمەش کاریگەریی یەکلاکەرەوەی بزووتنەوەکە بوو لەناو کۆمەڵگەی شیعەدا کاتێک باس لە دابەشکردنی پۆستە باڵاکان دەکرا
(The Guardian, 2006: 5).

لەلایەکی ترەوە ڕەوتی سەدری بنکە جەماوەرییە فروانیەکەی خۆی پاراست، بەمەش توانی کاریگەری لەسەر شەقامی عێراقی هەبێت، لەکاتێکدا حزبی دەعوەی ئیسلامی نفوزی خۆی لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی کارگێریدا پاراست. ئەم نایەکسانییەی نێوان نفوزی جەماوەریی ڕەوتی سەدری و کاریگەریی دامەزراوەیی حزبی دەعوە پەیوەندییەکی بەرهەمهێنا کە بە هاوکاریی ڕواڵەتی و دژایەتییەکی بنەڕەتی تایبەتمەند بوو، بەشداری کرد لە پێکهێنانی دیمەنێکی سیاسی ئاڵۆز لەناو پێکهاتەی دەسەڵاتی شیعە لە عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣. (The Guardian, 2006: 6).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێك بزووتنەوەی سەدربەخێرایی هاتە ناو پرۆسەی سیاسی و تێکەڵی بوو. ئەو دەنگانەی بەدەستی هێنا شایستەی ئەوە بوو کە چەند وەزارەتێک وەربگرێت. کێبڕکێی نێو ئۆردوگای شیعەکان تا ئەو ڕادەیە پەرەی سەند کە (ندیم جابیری) (٥) وەک کاندیدی سەرۆک وەزیران ڕاگەیەنرا، شانبەشانی (ئیبراهیم جەعفەری و عادل عەبدولمەهدی و حوسێن شەهرستانی)، دواتر لە کاندیدکردنەکە کشایەوە. ئەو حزبە بەشداری لە حکوومەتەکەی ئیبراهیم جەعفەری کردووە و بزووتەوەی سەدری بە "شێوازی ناوەندگەرایی"، هاوشێوەی حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵا بەڕێوەدەبرا (التميمي،٢٠٢١:١٤٣).

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە نیسانی 2003، ڕەوتی سەدری ڕووبەڕووی ئاڵنگاریەکی ڕاستەوخۆ بووەوە لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیدا، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو فرەیی هێزی چەکدار و سیاسی شیعە کە دوای لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق سەریان هەڵدا. ئەو بزووتنەوەیە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆدا بینیەوە لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و حزبی دەعوەی ئیسلامی لەگەڵ دوو کوتلەکەی (لقی ئەو حزبە لە ئێران و لقەکەی لە عێراق)، ئەمە جگە لە کەسایەتییە ئایینی و سیاسییە شیعەکانی دیکە کە لە دوای داگیرکارییەکە نفوزییان سەریهەڵدابوو.

بێبایەخکردنی ئەمریکییەکان بە ڕەوتی سەدری و نەدانی هیچ نوێنەرایەتییەکی سیاسی فەرمی لە ئەنجومەنی حوکمڕانی ئینتقالی کە لە مانگی تەمموزی ٢٠٠٣ پێکهێنرا، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ گرژبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە شیعەکانی دیکە. بۆیە ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەی کە بزووتنەوەی سەدری بەڕێوەی برد، تەنیا دژی داگیرکاریی ئەمریکا نەبوو؛ هەروەها خەباتێکی ناوخۆیی شیعە لەسەر شیعە بوو کە ئامانجی دووپاتکردنەوەی بوونی خۆی و بەهێزکردنی شەرعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو.

بزووتنەوەی سەدری بەدوای ئەو شتەدا ڕۆیشت کە بە "گەمەی دووانە"- "اللعبة المزدوجة" ناسراوە، بەرخۆدانی چەکداری لەگەڵ سیاسەتی پراگماتیک تێکەڵ کرد. لە کاتێکدا کە سەرقاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی دووبارە بووەوە لە دژی هێزەکانی ئەمریکا، لە هەمان کاتدا بە گوێرەی گۆڕانی بارودۆخی سیاسیدا خەریکی دانوستان و گۆڕینی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە شیعەکانی دیکە بوو. بزووتنەوەکە لە ڕێگەی ئەم ستراتیژەیەوە هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسی و مەیدانی خۆی دەدا، پشت بە باڵە سەربازییەکەی خۆی، سوپای مەهدی، کە ئامرازێکی سەرەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاریی ئەمریکا و پاراستنی کۆمەڵگەی شیعە لە هەردوو ئاڵنگاری ناوخۆیی و دەرەکی پێکهێنا (مرکز الجزيرة للدراسات، 2013: 6).

ساڵی 2004 شایەتی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژی نێوان حکومەتی کاتی بەغدا بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی و پشتیوانی ئەمریکا و میلیشیای سوپای مەهدی سەر بە ڕەوتی سەدری لە شارەکانی نەجەف و باشووری عێراق بەخۆیەوە بینی. ئەمەش گرژییەکانی نێوان سەدرییەکان و هێزە سیاسییەکانی دیکەی قووڵتر کردەوە. بە ڵام بە هۆی پێشهاتە کانی پرۆسە ی هە ڵبژاردن و واقیعی کۆمە ڵایە تییە وە ، ڕە وتی سە دریيە کان وردە وردە ناچار بوون لە ڕێگە ی هاوپە یمانێتییە ک لە گە ڵ هێزە شیعە کانی دیکە ی ناو هاوپە یمانی یە کگرتووی عێراق، بە شداری پرۆسە ی سیاسی بکە ن. سەدرییەکان لەم کارەدا پشتیان بە بنکەیەکی بەرفراوانی جەماوەری شیعە بەست، کە ڕێگری لە پەراوێزخستنی تەواوەتییان دەکرد (Al Jazeera, 2004: 2).

سەدرییەکان بە توانای بەڕێوەبردنی (خەباتی دووانەیی) سیاسی جیا دەکرانەوە. لە لایەکەوە لەگەڵ هێزەکانی داگیرکەری ئەمریکادا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژیان کرد، لە لایەکی دیکەشەوە نەرمییان نیشان دا لە تێکەڵبوون لەناو هاوپەیمانییە سیاسییەکان لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە. لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کانونی دووەمی 2005، سەدرییەکان (23) کورسی لە کۆی (275) کورسی بەدەستهێناوە، هەروەها ژمارەکەیان بۆ (30) کورسی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی 12ی 2005 بەرزبووەوە، ئەمەش وەک بەشێک لە لیستی داخراوی هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقی، کە کۆی گشتی (130) کورسی بەدەستهێناوە، کە بەسەر هێزە جیاوازەکانی شیعەکاندا دابەشکراوە: (30) کورسی بۆ ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، (30) بۆ حزبی دەعوە لەگەڵ فراکسیۆنەکانی (ڕێکخراوی ناوەندی و ڕێکخراوی عێراقی)، (15) بۆ حزبی فەزیلەت، (15) بۆ سەربەخۆکان، (10) بۆ تورکمان و فەیلی و شەبەک، جگە لە دوو کورسی کە تاکەکان لە ڕێگەی لیستە لاوەکییەکانی هەڵبژاردنەوە بەدەستیان هێناوە (Alaaldin, 2018: 25)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها سەدرییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبوو لە کاندیدکردنی کاندیدەکان بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران. سەرەتا پشتگیریان لە ئیبراهیم جەعفەری کاندیدی حزبی دەعوە کرد، بەڵام ناڕەزایی کورد و سوننە و ئەمریکا ڕێگری لە تێپەڕاندنی ئیبراهیم جەعفەری کرد. دواتر پشتگیرییەکان دوای چەند مانگێک لە دانوستانی سیاسی گواسترایەوە بۆ نوری مالیکی وەک کاندیدێکی کۆدەنگی ((Alaaldin, 2018: 25). ئەم دابەشبوونە بووە هۆی قەیرانی پێکهێنانی حکومەت لە دوای هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ کە بە دوورخستنەوەی جەعفەری و کاندیدکردنی مالیکی لە مانگی ئایاری ٢٠٠٦ کۆتایی هات.

ئەم ماوەیە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵکشانی توندوتیژی تائیفی دوای بۆردومانکردنی مەزارگەی عەسکەری لە سامەڕا، کە ئاڵنگاری ئەمنی جددی بۆ حکومەتی مالیکی دروستکرد. لەم چوارچێوەیەدا ڕەوتی سەدری پێداگری لەسەر داواکارییەکانی خۆی بۆ کشانەوەی هێزە بیانییەکان و بەهێزکردنی نفوزی جەماوەری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا کرد، لە کاتێکدا ئەولەویەتی هاوپەیمانی شیعەکان لەناو پەرلەماندا سەنتەری پێکهێنانی حکومەت و دابەشکردنی سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکان بوو، لە کاتێکدا کە دابەشبوونی نێوان پەرلەمان و شەقام زیاتر بەرچاو دەبوو (International Crisis Group, 2006: 55).

لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ بزووتنەوەکە لە ڕووی سیاسییەوە (لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکان یان لە ڕێگەی فشارەکانی بۆ سەر هێزەکانی دیکە) بەشداریی کرد و لە کاتی پێکهێنانی حکومەتدا قورسایی دانوستانکاری هەبوو. بزووتنەوەکەی پشتگیری (هەندێکجار لە ڕێگەی فشاری جەماوەری یان مەیدانی) کاندیدەکانی وەک ئیبراهیم جەعفەری بۆ خولی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ دەکرد، کاریگەرییەکی پێبەخشی کە دەتوانرێت وەبەرهێنان لە دامەزراندن و دابەشکردنەوەی سەرچاوەکاندا بکرێت.

بزووتنەوەی سەدری بە ڕەتکردنەوەی داگیرکاریی ئەمریکا و دەرئەنجامە سیاسییەکانی و بەتایبەتی ئەنجومەنی حوکمڕانی ناسراوە. بە دوودڵیەوە هاتە ناو پرۆسەی سیاسی لەگەڵ یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 2005، و چەند مەرجێکی دانا، دیارترینیان: بەشداری نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاڵپشتی و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن و دەستوورنەدانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێزە ئەمنییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا. ئەمەش لە نێوان کەشوهەوای ناڕازیبوون و دڵەڕاوکێدا بوو لە زۆربەی حکومەتەکاندا (الزهيري،٢٠١٧: ٥٣).

لە ساڵی 2006 سیاسەتی عێراق گرژی و ئاڵۆزی توندی بەخۆیەوە بینی و بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران لەلایەن نوری مالیکیەوە گەیشتە لوتکە. ئەمەش بووە هۆی کشانەوەی وەزیرەکانی ڕەوتی سەدری لە حکومەت و بایکۆتکردنی پەرلەمان، ئەم گرژیانە لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوەی گرتووە، دیارترینیان ڕەتکردنەوەی مالیکی لە دانانی خشتەی کاتی بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، کە موقتەدا سەدر بە خیانەت لە بەڵێنەکانی پێشووی دەزانی. لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٧ وەزیرەکانی ڕەوتی سەدری لە حکومەت کشایەوە و گورزێکی سیاسی لە مالیکی دا (Reuters, 2007:2).

حزبی دەعوەی ئیسلامی وەک حزبێکی پاوانخواز سەیر دەکرێت کە هەوڵی چەسپاندنی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر دامودەزگای دەوڵەت و ئیدارەکەیدا دەدات، لە کاتێکدا بزووتنەوەی سەدری نوێنەرایەتی بزووتنەوەیەکی جەماوەری دەکات کە کاریگەرییەکی بەربڵاوی هەیە لە شەقام و گەڕەکەکانی چینی کرێکاردا. لێرەوە پەیوەندی کێشەدارەکەی نێوان ئەو دوو حزبە سەریهەڵدا. لە کاتێکدا هاوبەشی سیاسی لە ئاستی هەڵبژاردن و هاوپەیمانی پەرلەمانیدا مومکین دەهاتە بەرچاو، بەڵام لە ڕەهەندی ئەمنیدا لە ڕادەبەدەر ئاڵۆز بوو. دەوڵەت ڕووبەڕووی ئەو شتە بووەوە کە دەتوانرێت بە "ئیزدواجیەتی مەزدوجە " وەسف بکرێت: تا حکومەت زیاتر هەوڵی جێگیرکردنی سەدرییەکان و بەهێزکردنی بوونیان لە پەرلەماندا هەبوو، لە ئەنجامی پشتیوانی جەماوەریی ئەوان ڕووبەڕووبوونەوەکان لەسەر زەوی زیاتر پەرەیان سەند. بە پێچەوانەوە، تا دەوڵەت دەستی ئەمنی خۆی توندتر بکاتەوە، ئەگەری ئەوە زیاترە کە بزووتنەوەی سەدری وەک ئامرازێکی فشاری سیاسی پەنا بۆ بایکۆتکردن یان کشانەوە ببات (الكبيسي، 2013: 6).

بزووتنەوەی سەدری لە ساڵی 2006ەوە شاهیدی دابەشبوونێکی زۆر بووە، چەندین فراکسیۆن و گرووپی سیاسی و گرووپی چەکداری لێیەوە سەریان هەڵداوە، دیارترینیان: (عەسائیب ئەهلی حەق، حەرەکات نوجەبا و کاتائیبی ئیمام عەلی و ئەوانی دیکە)
(الزهيري،٢٠١٧:٥٢).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووخانی ڕژێمی عێراق لەساڵی 2003 بووە هۆی داڕشتنەوەی قووڵی بزووتنەوە سیاسییە شیعەکان، بەو پێیەی ئەو هێزانە لە چالاکی ئۆپۆزسیۆن یان موسوڵمانییەوە گواسترانەوە بۆ بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە دەسەڵاتدا. لەو چوارچێوەیەشدا حزبی فەزیلەی ئیسلامی وەک یەکێک لە ڕێکخراوە نوێیە شیعییەکان کە لە سەردەمی دوای 2003 پێکهاتبوو، شانبەشانی ئەو حزبانەی کە ڕەگ و ڕیشەی ڕێکخراوەیی مێژووییان هەیە، وەک حزبی دەعوەی ئیسلامی و بزووتنەوە جەماوەرییەکانی خاوەن سیمایەکی جەماوەری و ناڕەزایی فراوان، وەک ڕەوتی سەدر سەریهەڵدا. ئەم فرەچەشنییە ڕەنگدانەوەی جیاوازییەکی پێکهاتەیی لە سەرچاوەکانی شەرعیەت و نەخشەی ڕێکخراوەیی و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ئایینی و ئەکتەرە سیاسییەکان لەناو ئیسلامی سیاسی شیعەی عێراقدا (Dawisha, 2009: 12).

حزبی فەزیلەی ئیسلامی شەرعیەتی فیکری و ئایینی خۆی لەسەر بنەمای دەسەڵاتی محمد یەعقوبی یەکێک لە خوێندکارە دیارەکانی محمد محمد سدیق سەدر دانا، پێش ئەوەی لە ڕووی ڕێکخراوەیی لە ڕەوتی سەدر جیا ببێتەوە و قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی لەسەر بنەمای دەسەڵاتی ئایینی خۆی دابمەزرێنێت (الخیون، 2011). بە پێچەوانەی حزبی دەعوەی ئیسلامی کە لە کۆتاییەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا وەک ڕێکخراوێکی ئایدیۆلۆژیکی درێژخایەن و نهێنی دامەزرا و پێکهاتە ڕێکخراوەییەکانی تاڕادەیەک سەربەخۆ لە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئایینی بنیاتنا، حزبی فەزیلە لە ئەنجامی گۆڕینی تۆڕێکی ئایینی- میسیۆنەری هەبوو بۆ چوارچێوەیەکی سیاسی ڕێکخراو لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ سەریهەڵدا ڕۆڵی دەسەڵات لە ئاراستەکردنی بڕیارە سیاسییەکان و داڕشتنی گوتاری گشتی حزب، بە پێچەوانەی سەربەخۆیی سنووورداری سەرکردایەتی جێبەجێکاری حزب، سەبارەت بە ڕەوتی سەدر، لە دوای 2003 کارەکتەری فراوان و جەماوەری و ناڕەزایەتیی پاراست، پشتی بە میراتی ڕەمزی و جەماوەری بنەماڵەی سەدر و توانای کۆکردنەوەی کۆمەڵایەتی خێرا لە گەڕەکە هەژارەکان و شارەکانی باشووردا بەست. بە پێچەوانەی ئەم چوارچێوە، حزبی فەزیلە ڕێبازێکی دامەزراوەیی و ڕێکخراوتری گرتەبەر، کە تیشکی خستە سەر کاری پەرلەمانی و دامەزراوەیی، بەتایبەتی لە پارێزگای بەسرە، سەرەڕای بەردەوامی پەیوەندی ئایدیۆلۆژیی بە قوتابخانەی سەدری دووەم. ئەم بەراوردکردنە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان چوارچێوەیەك کە لەسەر بنەمای کاریزمای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەماوەری و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان (ڕەوتی سەدر) و مۆدێلێک کە هەوڵدەدات دەسەڵاتی ئایینی بگۆڕێت بۆ ئەکتەرێکی سیاسی ڕاستەوخۆ لەناو دەوڵەتدا (حزبی فەزیلە) ئاشکرا دەکات (حەداد، ٢٠١١).

پێکهاتەی دامەزرێنەری سەرەتایی ڕێکخراوەیی حزبی فەزیلە لە کۆمەڵێک کەسایەتی ئایینی و سیاسی پێکهاتبوو کە ڕۆڵی سەرەتایی لە بنیاتنانی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و نوێنەرایەتی سیاسیدا هەبووە. لە نێویاندا (حەسەن شەمەری کە نوێنەرایەتی باڵی سیاسی-ئیداریی حزبەکەی دەکرد و دواتر پۆستی جێبەجێکردن و یاسادانانی وەرگرت و محمد عەبدولکەریم عەنوز کە بەشدارییان کرد لە چەسپاندنی هەیکەلی تەشکیلاتی حزب لە پارێزگاکانی باشوور بەتایبەتی (بەسرە و زی قار). هەروەها کەسایەتییەکانی دیکە، وەک عەبدول حسێن عەبایجی و شێخ عەلی موتەیری، لە نێو کادیرە سەرەتاییەکاندا سەریان هەڵدا کە چالاکیی ئایینییان لەگەڵ کاری پەرلەمانیدا تێکەڵ کرد، بەشدارییان لە داڕشتنی گوتاری سیاسی حزب لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا کرد (Visser, 2006: 43).

حزبی فەزیلەی ئیسلامی سوودی لە تۆڕێک لە دەسەڵاتدارانی ئایینی و وتاربێژانی وتاری هەینی و فەرمانگە ئاینیەکانی پەیوەست بە ئایەتوڵڵا یەعقوبی وەرگرت کە بنکەی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی حزبەکەیان پێکهێنا و بەشدارییان لە پێشکەوتنی پێشوەختەی هەڵبژاردنەکاندا کرد. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥دا، حزبەکە پانزە کورسی لەناو هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقیدا بەدەستهێنا و دەستکەوتی بەرچاوی لە پارێزگای بەسرە بەدەستهێنا، کە لە هەندێک لە قەزای ناوخۆییدا لە حزبە شیعەکانی کۆن و دامەزراوتر، لەنێویاندا حزبی دەعوەی ئیسلامی، تێپەڕاند. ئەمەش توانای گۆڕینی شەرعیەتی ئایینی ناوخۆییە بۆ سەرمایەی سیاسی کاریگەر (Visser, 2006; Dawisha, 2009).

حزبی فەزیلەتی ئیسلامی دەتوانرێت بە قەوارەیەکی سیاسی میانڕەو لە چوارچێوەی سپێکتری ئیسلامی سیاسی شیعەی دوای ٢٠٠٣ دابنرێت. پێکهاتە تەشکیلاتییەکەی جیاوازە لە حیزبە ئایدیۆلۆژییە تەقلیدییەکانی وەک حزبی دەعوەی ئیسلامی، هەروەها لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییە جەماوەرییە ئاشتیخوازەکانی وەک ڕەوتی سەدر. حزب خۆی وەک ئەکتەرێکی سیاسی دامەزراوەیی لە چوارچێوەی نوێی دەوڵەتی عێراقدا جێگیر کردووە، بۆیە ئەزموونی حزبی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەزیلەت بەشدارە لە شیکردنەوەی دینامیکی پارچەپارچەبوون لەناو ئیسلامی سیاسی شیعەی دوای ٢٠٠٣ و دارشتنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ئایینی، پێکهاتە رێکخراوەیی حزبییەکان و نوێنەرایەتی جەماوەری، بەتایبەتی لە چوارچێوەی شیعەی باشووردا. لەم روانگەیەوە ئەم ئەزموونە چوارچێوەیەك دەرەخسێنێت بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن کەسایەتییە سیاسیە میانڕەوەکانی شیعە لەگەڵ دەوڵەتی نوێدا کارلێک دەکەن و چۆن شەرعیەتی ئایینی لە چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی و سیاسی مۆدێرن دەگونجێنن.

3- پەیوەندی حزبی دەعوە لەگەڵ حزبی فەزیلەی ئیسلامی عێراقی: دوابەدوای ساڵی ٢٠٠٣، حزبی فەزیلەی ئیسلامی لە عێراق وەک یەکێک لە بزووتنەوە نوێیە شیعەکان سەریهەڵدا کە بنکەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبوو، بەتایبەتی لە باشووری عێراق، بەتایبەتی لە پارێزگای بەسرە. دەسەڵاتی فیکری و ئایینی ئەو حزبە لەسەر بنەمای ئایەتوڵڵا محمد یعقوبی (6)، شاگردی دیاری ئایەتوڵڵا محمد محمد سدیق ئەلسەدر بوو، پێش ئەوەی دواتر لە ڕەوتی سەدری جیاببێتەوە و قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ دابمەزرێنێت.
لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەییەوە، حزب سەرەڕای پێکهاتەی سیاسی و ڕێبازی ڕێکخراوەیی جیاواز، پەیوەندییەکی نزیکی فیکری و مەعنەوی لەگەڵ ڕەوتی سەدری پاراست. ئەو حزبە بە ڕێنمایی ڕاستەوخۆی ئایەتوڵڵا محمد یەعقوبی دامەزرا و ڕەهەندە ئایینی و سیاسیەکانی لە پرۆژەی چاکسازیدا تێکەڵ کرد. حزبی فەزیلەی ئیسلامی، شانبەشانی حزبی دەعوە و هێزە شیعەکانی دیکە پەیوەندی بە هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراقییەوە کرد، لە دوای ساڵی 2003 ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دیمەنی سیاسی شیعەدا بینی.
